# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی (کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان .. باڵی خێرخوازی بەرەی کوردستانی و هەندێ لە بیرەوەریەکانم) نووسینی عەبدولرەحمان عەلی کوردە سکرتێری کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان لە توێی (٤٤٨) لاپەڕە بە دیزاین و بەرگێکی ناوازە بڵاوکرایەوە.

نووسەر لەم بەرهەمەیدا کە بریتییە لە دیکۆمێنتکارییەك کە ڕووداوەکانی کۆمەڵەی فریاکەوتانی کوردستان لەخۆدەگرێت لە ساڵەکانی ناوەڕاستی ١٩٨٨ تا ئابی ١٩٩٦ کە سەر بە بەرەی کوردستانی بوو. نووسەر باسی ژیانی خۆی دەکات لە وێستگەکانی خێرای ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی، تێکەڵیشی کردووە بە هەندێ لە بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو سەردەمانەو دواتریش. لە کۆتایی کتێبەکەشدا نووسەر دەیان نووسراوی فەرمیی حزبی و کەسیی تایبەت بەم کۆمەڵەیەی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ چەندین وێنەو ناوی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵەکەدا کاریان کردووە..

پیرۆزبایی لە نووسەری عەبدولرەحمان عەلی کوردە دەکەین ، ئومێدەوارین نموونەیان زۆر بێت و بەردەوام بێت لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

**Web: www.gulan-media.com**

## ڕێبوار تاڵەبانی:



**بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک سەرکردایەتیی کورد نییەتپاکیی خۆی پیشانداوە و سەرکردایەتیی عێراقیش باش لەمە تێگەیشتوون**

## جۆناسان کۆتلار:



**کێشەکە ئەوەیە بێ وردبوونەوە لە راستی و دروستیی هەواڵەکان پەلە لە بڵاوکردنەوەیان دەکرێت**



## دەوڵەت و حوکمڕانی

لە قۆناخی پۆست (سیستمی نوێی جیهان)یدا

## تیم گلێسۆن:



**سەرەڕای دژوارییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری لە بواری چاودێریکردندا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە**



**تووشبووانی شێرپەنجە چیرۆکی بەرەنگاربوونەوەیان بۆ گوڵان دەگێڕنەوە**



**ئەویندران بە گەرمی پێشوازی لە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی (ڤالانتاین) دەکەن**

**پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فایلی PDF**



**بۆیەی نینۆک ماددەی ژەهراویی تێدایە**



ئەژین بێلاف:

**هونەر، خۆشەویستییە، ژیانە و خاڵیکردنەوەی ئازارەکانی ڕۆحی مرۆڤە**




ئاڤان عوسمان :

**پێویستە ڕەخنەکانمان دروستکەری جیهانێکی پێشکەوتووی وەرزشی بن**



بێری شەلماشی:

**بە هەموو شێوەیەک کۆلێژی هونەر فەرامۆش کراوە**





# دەرفەتێکی لەبار بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا



هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ سنوورێك بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دانەنرایە، ئەوا چارەنووسی شارەکانی دیکەی کوردستان لە چارەنووسی کەرکووك و توزخورماتوو باشتر نەدەبوو. ئەو مقاوەمەتەی پێشمەرگە لەماوەی ئەو یەك دوو هەفتەیەدا بۆ پاراستنی کوردستان کردی و ریگەی نەدا کوردستان داگیر بکرێتەوە، هاوکێشەیەکی تازەی دروستکرد کە جارێکی دیکە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی ناتوانن ئیرادەی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنن، هەروەها ئەمە بۆ هێزە عێراقییەکان بە هەموو ناوەکانیانەوە بە هەڵەیەك لە قەڵەم درا کە جارێکی دی پەنای بۆ نەبەنەوە.

ئەو واقیعەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەرەکانی بەرگری دروستی کردو، ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە ریگەی سندووقەکانی دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەخشی، بوونە بنەمای هەر دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی تازە لە نێوان پارتی و بەغدادا، بە مانایەکی دیکە ئەگەر لایەنەکانی شیعەی عێراق دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنی سەرەکی و نوێنەری گەلی کوردستان بەشداری پرۆسەی سیاسیی عێراق و حکومەتی داهاتوو بکات، ئەوا دەبێت راشکاوانە پێش دانوستانەکان دەبێت دان بەو راستییەدا بنێن، کە کێشەی گەلی کوردستان بە شەڕ چارەسەر ناکرێت و ئەو هێرشانەشی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کراونەتە سەر کوردستان، هەڵە بوون و دەبێت گەرەنتی ئەوە بدرێت کە جارێکی دیکە ئەو هەڵانە دووبارە نابنەوە، لەهەمانکاتدا پێداگریی پارتی لە دانوستانەکانی بۆ بەشداری لە حکومەتی عێراقدا ئەوە بووە، دەبێت حکومەتی تازەی عێراق تەواوی ئەو بڕیارانەی حکومەتی عێراق هەڵبوەشێنێتەوە کە دژی هەرێمی کوردستان دراون.

لە چوارچێوەی ئەم لێکتێگەیشتنە تازەیە، پارتی بەشداریی حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی کرد و لەگەڵ دەستپێکی حکومەتی تازەش دوای ماوەیەك لایەنە سەرەکییەکانی شیعە بەتایبەتی هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی بینا و سەماحەتی موقتەدا سەدر سەرۆکی رەوتی سەدر و هاوپەیمانی سائیرون بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆك بارزانی-یان کرد بۆ ئەوەی سەردانی بەغدا بکات هەتا ئەو لێکتێگەیشتنەی لە میانەی گفتوگۆکانی حکومەتدا هاتۆتە ئاراوە لە پرۆگرامی حکومەتیشدا بچنە واری کردارییەوە. بارزانی ئەم دەستپێشخەرییەی بەغدای رەتنەکردەوە، بەڵکو پێشوازی لەو دەستپێشخەرییە کرد و سەردانی بەغدای کرد و هەر لە یەکەم پێشوازی لێ کردنیەوە کە فەرشی سووری بۆ راخرابوو، دەرکەوت کە حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی شیعەش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە رێگەی دروست ئەو بیروبۆچوونانەیە کە بارزانی بۆ چارەسەرکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دایڕشتوون، هەر لەسەر ئەم پرسە د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کە لەم ژمارەیەی گوڵاندا دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ ئەنجامداوە و یەکێك بووە لەو کەسانەی لە بەشێك لە کۆبوونەوەکانی بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقی ئامادە بووە، راشکاوانە ئەوەی پێی گوتین، پەیامی ئەم سەردانە بۆ بەغدا ئەوە بوو، فەرموو ئەوە ئێمە دەستی ئاشتیمان درێژ کردووە و ئێوەش بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکەن. هەروەها ئەو سیاسەتە هەڵانەی بەرامبەر کوردستان کردووتانە، دووبارە نەبێتەوە. د. بەشیر حەداد دەڵێت: «ئاستی پێشوازی لە سەرۆك بارزانی لە بەغدا، پەیامێکی دیکەی لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان ناردەوە و ناوەڕۆکی پەیامەکەش ئەوە بوو، بەڵێ جەنابی سەرۆك بارزانی ئێوە وەك هەرێمی کوردستان چەند پێویستتان بە بەغدایە، ئێمەش هێندەو زیاتریش پیویستمان بە هەرێمی کوردستانە.


پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەم پەیامەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان چۆن ئاراستە کرا و ئێمە چۆن دەیخوێنینەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.حەداد دەڵێت: لە راخستنی فەرشی سوور بۆ سەرۆك بارزانی لە کاتێکدا بەڕێزیان هیچ پۆستێکی فەرمیی دەوڵەتی نییە، هەروەها لە پێشوازیی سەماحەتی موقتەدا سەدر بۆ بەڕێزیان کە ئەو ئامادە نییە بۆ هیچ کەسێك بێتەدەرەوە، بەڵام بۆ سەرۆك بارزانی نەك هەر هاتە پێشوازی بۆ دەرەوە، بەڵکو ماوەیەك چاوەڕێی کرد، هەتا کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆك گەیشتن.

ئەوەی جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە سەرۆك بارزانی راشکاوانە ئەوەی راگەیاند کە لە ئێستادا دەرفەتێك هاتۆتە پێشەوە، ئەگەر سوودی لێوەر بگرین، دەتوانین پرۆسەی سیاسیی عێراق راست بکەینەوە.

ئەم قسانەی سەرۆك بارزانی لە ماوەی یەك دوو هەفتەی رابردوو سەرەتایەکی گەورەی لێ دەرکەوت، ئەویش بریتی بوو لە پەسەندکردنی پشکی کوردستان لە یاسای بودجەی عێراق و دەرهێنانی مووچەی فەرمانبەران لە کێشە و ململانێکانی نێوان حکومەتی کوردستان و بەغدا، هەروەها بەڵێنی گێڕانەوەی پۆستەکانی پشکی کورد لە حکومەتی عێراق بۆ گەلی کوردستان، هەروەها گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر پرسی کەرکووك بەو رادەیەی وەك د.حەداد دەڵێت: بەغدا بە تەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کەرکووك پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، کردنەوەی ئەم کێشەیەش پێویستی بە دوو کلیلە، کە یەکێکیان لە بەغدایە و ئەوی دیکەیان لە هەرێمی کوردستانە.

لە سەرووی هەموو ئەم وەرچەرخانەوە، سەردانی پێنج شەمەی رابردووی نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئاماژەیەکی دیکەی ئومێدبەخشن کە لەنێوان هەولێر و بەغدا لاپەڕەیەکی تازە هەڵدراوەتەوە و لێکتێگەیشتنێکی تازە دروست بووە، کە بێگومان بە شاهیدی بەرپرسانی بەغدا پێش بەرپرسانی کوردستان، ئەم لێکتێگەیشتنە بەبێ بیروبۆچوونەکانی بارزانی کارێکی مەحاڵ دەبوون.

# خوێندنەوەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی هەرێمی کوردستان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە



د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

شیکردنەوەی رەوشی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئاستی ناوخۆ و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بەرەو گۆڕانکارییەکی جۆراوجۆر دەڕوات، بەڵگەش بۆ ئەمە جموجۆڵی سیاسییە لە سەر ئاستەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا.

لەسەر ئاستی ناوخۆدا، دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکانی یاسایی و دەستووری (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) لەسەر بنەما تازەکانی ئێستا کە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی پێشوو، هەڵبەتە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەی سەلماند کە مەسەلەکە بە دیدی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی وەك مەرجەعییەتێکی ئەزموونی مێژووی سیاسیی کوردستانی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، وەك وەڵامدانەوەیەکی پێداویستییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و راگرتنی باڵانسی سیاسی و تەنانەت رۆڵی بەرێزیان لە چارەسەرەکانی ئابووری، جگە لەمەش لە سەرکردایەتیکردنی بەرگریی نیشتمانی لە بوون و نەمانی ئەم ئەزموونە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەکانی ئەم ئەزموونە، هاوکات بوونی بەرێزیان لە بەرەکانی شەڕ و ئاوەدانی، بەڵگەگەلی ئەم راستییە بوون.

سەرۆك بارزانی لە گەڕانەوەی كوردستان و كێشەی كورد بەرەو بە نێودەوڵەتیكردن، ڕۆڵی سەرەكیی هەبووە و هەیەتی، وەك ناسنامە و ڕابەری گەلێكی ستەملێكراو، نەك تەنیا لە عێراق، بەڵكو لە پارچەكانی دیكەی كوردستانیشدا، بەڕێزیان لە ڕوانگەی خوێندنەوەی بۆ بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی كە بریتین لە: هێز، ئابووری، دیپلۆماسییەت، لەسەر ئەم ئاستانە كاری كردووە و دەكات، بۆیە ئەزموونی سەرۆكایەتیی هەرێم و سەركردایەتیی بارزانی لە ڕەوڕەوەی خەباتی گەلی كورد، بە پشتبەستن بە ئەزموونی مێژوویی پارتی دیموكراتی كوردستان و بنەماكانی بەشداریی سیاسی، فرەحزبی، دیموكراسییەت، مافەكانی مرۆڤ، دایەلۆگە و بەشداریی لایەنە سیاسییەكانی دیكەی كوردستان بە جیاوازیی بیروبۆچوون، بە وێستگە و قۆناخێكی گرنگی مێژوویی هەژماردەكرێت، بەڵام هەر چۆن بێت، ئەمانە بە هێزی نیشتمان هەژمار دەكرێن لە دیدی بەڕێزیان و بەشدارییان لە دروستكردن و داڕشتنی بڕیاری سیاسی بە گرنگ و پێویست دەزانێت.

بڕیاری ریفراندۆم وەڵامدانەوەی سەرۆك بارزانی بۆ مەزڵوومییەتی كورد وەك گەلێكی خاوەن پێگە، ژمارە، ڕۆڵ، بە هێڵی جیاكەرەوە هەژمار دەكرێت لە نێوان دوو قۆناخی جیادا، وەڵامدانەوەی پرسیارێكی گرنگ لە ئەدەبیاتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەویش كە هەر قەوارەیەك لە خۆی دەپرسێت، ئایا دەبین، یان نابین؟ بەرەو كوێ دەچین؟

بە دامەزراوەییكردنی ئەم مەسەلەش بە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی بەوە دەبێت، كە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆكایەتی مسعود بارزانی پێكبهێنرێت، وەك دامەزراوەیەكی پەیوەست بە بابەتە چارەنووسسازەكان بێت و، بە ئەندامێتیی چەند گرووپێك بێت: وەزاری، پەرلەمانی، ئەمنی و عەسكەری، پسپۆڕەكان، سەنتەرەكانی شیكردنەوە، ئەركی سەرەكیشی بریتی بێت لە دیراسەتكردن و چارەسەركردنی تەنگژە و مەترسییەكان و ڕاوێژدان بۆ سەرۆكایەتیی هەرێم و حكومەت و پەرلەمان.

لە ڕاستیدا ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت ڕۆڵێكی بەرچاو و گرنگ ببینێت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەكانی پێشوومان.

هەروەها دوور لە بنەماكانی دەستتێوەردان لە كاروباری دەوڵەتەكانی ئیقلمیی دەوروبەر، بە ڕاوێژ لەگەڵ حزبە سیاسییەكانی كورد لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم دەوڵەتانە، ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت لە مەسەلەی كورد لە پارچەكانی دیكەی كوردستان ڕۆڵی پۆزەتیڤ ببینێت.

هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەگەر ئەزموونی هەشت كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان شی بكەینەوە، لە قۆناخەكانی سەرۆكایەتیی نێچیرڤان بارزانی، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت كە هەنگاوی باش بەرەو عەقڵییەت و سیاسەتی دەوڵەتمەداری و دامەزراوەیی چووین، پاش ئەزموونێكی شۆڕشگێڕیی دووردرێژ و سەخت، هەڵبەتە قۆناخەكانی بە دامەزراوەییكردن و دروستكردنی مرۆڤی دەوڵەت و عەقڵییەتی دەوڵەت سەختە و بەردەوامە، بەڵام هەر چۆن بێت لە كاركردن بۆ بونیادنان لە ئاستەكانی ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئەمنی، سەربازی، دیپلۆماسی، بنەمایەكی مرۆیی نیشتمانی لە كوردستان پەیدا بوو.

نێچیرڤان بارزانی لە ئەزموونی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لە یەك مەسافە ڕاوەستا لە هەمبەر هەمووان و سەیری هەمووانی كرد، بە یەك ئاست و پێوەری سەرەكی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بوو. بۆیە ئەنجومەنی وەزیران بە بازنەیەكی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەكرێت، بەڵكو بە بنكەی سەرەكی لە بەرفراوانی و هەمەجۆریی كارەكان كە بە پلەی سەرەكی پەیوەستن بە هاووڵاتییەوە.

مسرور بارزانی وەك ڕاوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و پەروەردەی قوتابخانەی پارتی و بارزانی، بە عەقڵییەتێكی بەرپرس و قووڵ و فراوان سەیری مەسەلەكانی ئاسایشی كرد، تا گەیشتە ئاستی ئەو سەقامگیرییە ئەمنییە لە هەرێمی كوردستان، كە وەك نموونە سەیر دەكرێت لە ناوچەكە، هەروەها مامەڵەكردنی بەڕێزیان لەگەڵ دۆسیێیە گرنگەكانی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای خوێندنەوە و شیكردنەوە و عەقڵانییەت بوو.

ئەزموونی حزبێكی مێژوویی وەك پارتی دیموكراتی كوردستان پتر لە حەفتا ساڵ لە خەباتی سیاسیی مەدەنی و چەكداری دەرئەنجام

**بە دامەزراوەییكردنی ئەم مەسەلەش بە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی بەوە دەبێت، كە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆكایەتی مسعود بارزانی پێكبهێنرێت، وەك دامەزراوەیەكی پەیوەست بە بابەتە چارەنووسسازەكان بێت و، بە ئەندامێتیی چەند گرووپێك بێت: وەزاری، پەرلەمانی، ئەمنی و عەسكەری، پسپۆڕەكان، سەنتەرەكانی شیكردنەوە**

**لە قۆناخەكانی سەرۆكایەتیی نێچیرڤان بارزانی، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت كە هەنگاوی باش بەرەو عەقڵییەت و سیاسەتی دەوڵەتمەداری و دامەزراوەیی چووین، پاش ئەزموونێكی شۆڕشگێڕیی دووردرێژ و سەخت**

**مسرور بارزانی وەك ڕاوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و پەروەردەی قوتابخانەی پارتی و بارزانی، بە عەقڵییەتێكی بەرپرس و قووڵ و فراوان سەیری مەسەلەكانی ئاسایشی كرد، تا گەیشتە ئاستی ئەو سەقامگیرییە ئەمنییە لە هەرێمی كوردستان، كە وەك نموونە سەیر دەكرێت لە ناوچەكە**

و پاڵپشتیی روونی پرەنسیپەکانی ئەم حزبە بوون، کە زۆرجار قوربانیی راو سازش نەکردن بووە لەسەر مافەکانی ئەم گەلە. هەڵبەتە پەیوەندییە نیشتمانی و عێراقی و ئیقلیمییەکان بەڵگەی ئەم راستییەن، بۆیە لە نەخشەکێشان بۆ دەستنیشانکردنی وێنەو تابلۆ سیاسییەکانی داهاتووی کوردستان، خۆی وا دەبینێت کە تەواوکەری ئەزموونی مێژوویی پارتی و بارزانی-یە بە بەهەیکەلکردنێکی تازە، سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و سەرۆك حزبێکی مێژوویی، نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمێکی بە دامەزراوەییکراو کە لە داهاتوودا بەرەو گۆڕانکارییەکی گرنگی

بە گەڕانەوە جارێکی دیکە بۆ لایەنە ناوخۆییەکان لە دیدی ئاسایشی نەتەوەیی، خۆی لە چەند خاڵێکی گرنگدا دەبینێتەوە لە مەسەلەکانی وەك: ئەزموون و ئەدای پەرلەمان و متمانە و مەشروعییەت و رۆڵی چاودێری و یاسادانان بەپێی پێداویستی و بەرژەوەندییە گرنگەکان، هەیکەلییەت و ئەدا و کادیری حکوومی بەپێی سیاسەتەکانی قۆناخی تازە. سیستەمەکانی: تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، پیشەسازی، سامانە سرووشتییەکان، لایەنەکانی ئەمنی، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەسەڵاتی دادوەری، راگەیاندن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستەکانی دەستپاکی، مافەکانی مرۆڤ و




جۆراوجۆر دەچێت، لەبەر رۆشنایی ئەزموون و عەقڵییەتی دەوڵەتمەداری، مسرور بارزانی وەك سەرۆك حکومەتێکی تازە لە ئەرك و کاری تازەیدا، هەروەها خوێندنەوەی دۆسێ گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەڕێزیان، ئەمانە هەموو فاکتەرن بۆ ئەوەی بەرەو قۆناخێکی تازەی سیاسی و پڕ لە ئەزموون بڕۆین.

هەڵبەتە خوێندنەوەی دۆسێی عێراق لە بارودۆخە تازەکەدا، هەروەها دۆسێیەکانی ئیقلیمی لە گۆڕانکارییەکانی تورکیاو ئێران و سعودیە و ئوردن، هاوکات بابەتە نێودەوڵەتییەکانیش لە سیاسەتەکانی ئەمریکا، رووسیا، یەکێتیی ئەورووپا و...، ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە ناوچەکە، هەروەها لە راگرتنی باڵانسی سیاسی و ئابووری.

چاودێری دارایی، ئەگەر کاری لەسەر بکرێت لەسەر بنەمای دۆسێ گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوە زۆر لە کێشەو مەترسییەکان بەرەو چارەسەر دەچن.

دۆسێی حزبە سیاسییەکان بە سیستەمی حزبی، سیاسی، فردیی، بە یەکێك لە دۆسێ گرنگەکان هەژمار بکرێت و خوێندنەوەیەکی تازەیان بۆ بکرێت لە دیدی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، مەسەلەی دەستوورە، کە پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێت وەك مەرجەعییەتێکی یاسایی گرنگ و چارەسەرکەر بۆ زۆر لە کێشەکان.

لە کۆتاییدا، ئەم خاڵانەی سەرەوە بە فاکتەرە گرنگەکانی ئێستاو داهاتووی ئاسایشی نەتەوەییمان هەژمار دەکرێن.



د.بەشیر حەداد

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆک بارزانی هۆکاری سەرەکیی ئەو دەسکەوتانە بوو کە لە یاسای بودجەی ئەمساڵی عێراقدا بۆ کوردستان بەدەستهاتوون

## کێشەی کەرکووک بە دوو کلیل دەکرێتەوە کە یەکێکیان بەغدایە و ئەوی دیکەیان هەرێمی کوردستانە

پێدەچێت خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ خولەکانی دیکەی ئەم ناوەندە یاسادانەرەدا جیاوازییەکی زۆری هەبێت، بەتایبەتی کە جۆرێك لە هەماهەنگی لەنێوان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەماندا بەدی دەکرێت، فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش بە ئاراستەی کاری هاوبەش و پێکەوەیی و کوردستانی چەندین هەنگاوی گرنگیان هەڵگرتووە. شێوازی کارکردنی ئەم چەند مانگەی رابردوو لە پەرلەمانی عێراق و کاریگەریی سەردانی بارزانی بۆ بەغدا و باسی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و تاوتوێکردنی پرسی ئاساییکردنەوەی کەرکووك و چەند تەورێکی هەستیاری دیکەی دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق ناوەرۆکی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ د.بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکدەهێنن.



*** هەست دەكرێت خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق بە شێوەیەك لە شێوەكان لە خولەكانی پێشوو جیاوازە و جۆرێك لە هاوكاری و هەماهەنگی لەنێوان دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەماندا بەدی دەكرێت، ئایا دەكرێت باسی شێوازی كاركردنی ئەم چەند مانگەی رابردوومان بۆ بكەیت؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. لەم چوار مانگەی دەستپێكی وەرزی یەكەمی ئەم خولەی پەرلەمان، تەنیا خەریكی ئەوە بووین كە سەرۆكایەتیی پەرلەمان و سەرۆك كۆمار هەلبژێرین و حكومەت پێكبهێنین، لیژنەكانی ناو پەرلەمان دووبارە پێكبهێنینەوە و ئەندامانی فراكسیۆنەكان بەسەر لیژنەكاندا دابەش بكەین، هەروەها كارمان لەسەر پرۆژە یاسای بودجە كردووە و ئەم یاسایەش پەسەند كراوە و تێپەڕیوە. لە پەراوێزی ئەم كارە گشتییانەی پەرلەماندا، خۆم وەك جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق هەوڵمداوە هەر لەسەرەتاوە جگە لە كاری یاسادانان و چاودێریی پەرلەمانی، نەخشەڕێگایەك بۆ چوار ساڵی داهاتووی كاركردنم دابڕێژم لەسەر بنەمای دوو ئاراستە كە بریتین لە یەكەم: كۆكردنەوەی فراكسیۆنە كوردستانییەكان و لێكنزیكردنەوەیان بە مەبەستی دروستكرنی تێگەیشتنێكی هاوبەش لەنێوانیاندا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، پێشتر جۆرێك لە ساردی و ئاڵۆزی لەنێوان فراكسیۆنە كوردستانییەكان لە بەغدا هەبوو، ئەمە وەك هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی ئەو ساردی و ئاڵۆزییە كۆتایی پێبهێنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو فراكسیۆنە كوردستانییەكان بێجگە لە فراكسیۆنی (نەوەی نوێ) بە دەنگەوەهاتنیان

**بڕیارمان داوە لیژنەیەک بە ناوی (لیژنەی هەماهەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) دروست بکەین و هەموو مانگێک کۆببینەوە بۆ ئەوەی ڕای هاوبەش لەسەر پرسە کوردستانیەکان دروست بکەین**

بۆ کاری پێکەوەیی هەبووە، تا ئێستاش چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و کۆبوونەوەیەکیشمان لەگەڵ کۆی ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامداوە، هەروەها بڕیارمان داوە لیژنەیەك بە ناوی (لیژنەی هەماهەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) دروست بکەین و هەموو مانگێك کۆببینەوە بۆ ئەوەی ڕای هاوبەش لەسەر پرسە کوردستانییەکان دروست بکەین. دووەم: هەوڵمانداوە لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنی عەرەبی لە عێراقدا پەیوەندی دروست بکەین، هەم لەناو پەرلەماندا لەگەڵ فراکسیۆنەکانی شیعە و سوننە، هەم لە دەرەوەی پەرلەمانیش هەوڵمانداوە لینکێك لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دروست بکەین، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی زۆربەی فراکسیۆنەکان و سەرکردە سیاسییەکانی عەرەبمان کردووە، بۆیە ئەم دوو هەنگاوە، کۆبوونەوەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراوانکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق گرنگترین ئەو کارانە بوون کە لە ماوەی ڕابردوو پێیەوە خەریك بووین.

*** ئێوە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ ئەم پۆستە و بێگومان کارەکانتان ڕەنگدانەوەی بەرنامەی پارتییە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا فراکسیۆنە کوردستانییەکان وەڵامدانەوەیان بۆ کاری پێکەوەیی و هاوبەشیی کوردستانی لە چ ئاستیکدا بوو؟**

- بەڵێ، من کاندیدی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانم بۆ ئەم پۆستە، سیاسەتی پارتیش لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەموو کات بەو ئاراستەیە بووە کە نوێنەرانی هەرێم بە یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، هەر بۆیە کە ئەم پۆستەمان وەرگرت، پێویست بوو وەك نوێنەرانی خەڵکی کوردستان پێکەوە کۆببینەوە، خۆشتان دەزانن هەموو حزبەکان خەڵکی دەستەبژێر و ئەکادیمی بۆ ئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێرن و ئەوانەشی ئەمجارە ببوونە ئەندام پەرلەمانی عێراق بەشی زۆریان تازە بوون، بۆیە دەبوو پێکەوە تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەین، لەسەر ئەم بنەمایە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە داوامان کرد لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆببینەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێمە هەموومان نوێنەرایەتیی میللەتێك دەکەین، نەك تەنیا لایەنێك، واتە پەیامی میللەتێکمان پێیە کە ئەویش گەلی کوردستانە، هەروەها ڕاستە ئێمە هەر فراکسیۆنێکمان سەر بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوین و دەبێت پابەندبوونمان بە سیاسەتی لایەنەکەی خۆمان هەبێت، بەڵام لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا کە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە و پێویستە ئێمە لەسەر ئەم پرسانە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین، ئەوەشی پەیوەندی بە تێڕوانین و سیاسەتی حزبییەوە هەبێت، ئەوا هەر فراکسیۆنێك ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە. سوپاس بۆ خوا، لەسەر ئەم پرسە هەموو لایەك یەکدەنگ و یەك هەڵوێست بووین، بۆیە دوای ئەم کۆبوونەوەیە چەندین کۆبوونەوەی دیکەمان ئەنجامدا، ئەمەش نەك هەر لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بەڵکو لەگەڵ هەر ٥٨ پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و دوو کۆتا کۆبووینەوە، جگە لە (فراکسیۆنی نەوەی نوێ) کە هەر لە سەرەتاوە بایکۆتی کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان کرد، دیارە لە خولەکانی پێشووتردا هاوپەیمانیی کوردستانی هەبوو، ئەم هاوپەیمانییە وەك یەك فراکسیۆن کاری دەکرد، ئێستاش تابلۆی ئەم هاوپەیمانییە لەناو پەرلەمانی عێراقدا ماوە، کاتێك داوا کرا کە ئەو تابلۆیەی (هاوپەیمانیی کوردستانی) لاببرێت، چونکە نەماوە، پێشنیارمان کرد با ئەو تابلۆیە هەربمێنێت بەو هیوایەی ڕۆژێك هەمان هاوپەیمانی دروست ببێتەوە و هەمووومان پێکەوە وەك فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی لە ناو پەرلەمانی عێراق داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە ئاکامی باشی ئەم یەکڕیزییە داکۆکیکردن بوو لە پشکی کوردستان لە یاسای بودجەی عێراق، کە توانرا ئەو داکۆکییە سەرکەوتوو بێت و بودجەکە تێپەڕێت، بەڵام لێشتان ناشارمەوە،

**سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەموو کات بەو ئاراستەیە بووە کە نوێنەرانی هەرێم بە یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن**

هەندێك جاریش ئەم هەماهەنگییە لەسەر هەندێك پرس و بۆچوونی جیاواز لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا درزی تێدەکەوێت، وەك پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و پرسی دانانی وەزیری (داد) لە حکومەتی عێراقدا.

*** ئایا هەوڵتان نەداوە جیاوازیی تێڕوانینی لایەنە سیاسییەکان لە یەکتری نزیك بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو درز و کەلێنانەش پڕ بکەنەوە؟**

- بەڵێ، بیرمان لەمەش کردۆتەوە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی، چەند پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان لە یەکتری نزیك بێت و تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، ئەوا کارەکەی ئێمەش لە بەغدا ئاسانتر دەبێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە گەڕانەوەی ئەمجارەمان بۆ کوردستان بڕیارمان دا کە سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکان بکەین، ئەم سەردانانە لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو (٢٠١٩/٢/٧) دەستمان پێکردووە و پێمان ڕاگەیاندوون، ئێمە وەك نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا داواتان لێدەکەین لە کوردستان لەسەر جیاوازییەکانی نێوخۆتان ڕێکبکەون بۆ ئەوەی ئێمە لە بەغدا بەهێز بین، سوپاس بۆ خوا ئەوەی لەو کۆبوونەوانە گوێمان لێی بووە، پەرۆشیی لایەنەکان بووە بۆ بەهێزیی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا و ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە.

*** دەکرێت دەستپێکی کاری نوێنەرانی کوردستان لە خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا بە دەستپێکێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێت، هەر ئەم سەرەتا سەرکەوتووەش بووە هۆکاری ئەوەی بارزانی سەردانی بەغدا بکات و هەر لەوێ ڕایگەیاند دەرفەتێکی باش هاتۆتە پێشەوە، ئایا گرنگیی ئەو سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا بە مانای وشە سەردانێکی مێژوویی و گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی بەم سەردانە بەستەڵەکی نێوان هەرێم و بەغدای تواندەوە و ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولادا هەبوو، بۆیە ئەم سەردانە هێز و توانایەکی گەورەشی بە ئێمە بەخشی بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر کاربکەین. ڕاشکاوانە دەڵێم ئەو دەستکەوتەی لە پشکی کوردستان لە یاسای بودجەی عێراق بۆ ئەمساڵ بەدەستهاتووە، هۆکارە سەرەکییەکەی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بوو بۆ بەغدا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو بە هاتنی بەڕێزیان بۆ بەغدا لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق لە نییەتپاکیی بەڕێزیان تێگەیشتن کە ئەو ئامانجیەتی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت، بەمەش فراکسیۆنە عەرەبییەکان لە پرسی بودجە نەرمییان نواند و توانرا تێپەڕێندرێت، جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە، ڕاستە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێکەوە کارمان کرد و ماندوو بووین لە سەرکەوتنی ئەم پرسەدا، بەڵام بە ویژدانەوە دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین کە کاریگەریی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی هێندەی هەموو هەوڵەکانی ئێمە و زیاتریش ڕۆڵی هەبوو بۆ ئاسانکردنی کارەکانی ئێمە.

*** سەردانی بارزانی بۆ بەغدا چ پەیامێکی ڕاشکاوانەی بۆ بەغدا لە خۆ گرتبوو؟**

- سەردانی سەرۆك بارزانی پەیامێکی بۆ بەغدا لە خۆی گرتبوو، کە هەرێمی کوردستان دەستی ئاشتی درێژ کردووە و دەیەوێت کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و دەمانەوێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە و پەیوەندییەکی تازە لەگەڵتان دروست بکەینەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئێوەش بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆتاندا بچنەوە و دووبارەی نەکەنەوە لەگەڵماندا. کە لایەنە سیاسییەکانی بەغدا ئەم پەیامە ڕاشکاوەیان لە سەرۆك بارزانی بیست، ئەوانیش پەیامی خۆی پێشکەش کرد، پەیامی ئەوان ئەوە بوو: بەڵێ جەنابی سەرۆك، پێتان ڕادەگەیەنین، ئێوە وەك هەرێمی کوردستان چەند پێویستان بە بەغدا هەیە، بەغدا زۆر زیاتر پێویستی بە هەرێمی کوردستانە بۆ بەردەوامیی پرۆسەی سیاسی و سەقامگیری لە عێراقدا، بەڵام با بپرسین ئەم پەیامەی بەغدا بە چی دەرکەوت؟ بێگومان بە ڕاخستنی فەرشی سوور و ئەو پێشوازییە بەرزەی لە سەرۆك بارزانی کرا، ئەمە لە کاتێکدا جەنابی سەرۆك بارزانی هیچ پۆستێکی فەرمیی دەوڵەتی نییە، هەتا فەرشی سووری بۆ ڕابخرێت، بۆیە ئەم

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بە مانای وشە سەردانێکی مێژوویی و گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی بەم سەردانە بەستەڵەکی نێوان هەرێم و بەغدای تواندەوە و ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولادا هەبوو**

**هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێجگە لە فراکسیۆنی (نەوەی نوێ) بە دەنگەوەهاتنیان بۆ کاری پێکەوەیی هەبووە**

**بەڕێز د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، کەسێکی شایستە و لێهاتووە بۆ ئەو پۆستە و وەڵامدانەوەکانی جددییەتێکی زۆری پێوە دیارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

**تێڕوانینەکانی بەڕێز سەرۆک وەزیران زۆر واقیعی و ئیجابییانە بوون و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت بە زووترین کات ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا ماون، چارەسەر بکرێن و نەمێنن، بێگومان بە کردەییش هەنگاوی باشی هەڵگرتووە و هەموو ئەو بڕیارانەی حکومەتی پێشووی عێراقی هەڵوەشاندۆتەوە کە بەرامبەر هەرێم دراون**

پێشوازییە بەرزە مانای ئەوە بوو، چۆن ئێوە پێویستتان بە بەغدایە، بەغدا بە هەمان ئاست و زیاتریش پێویستی بە هەرێمە، ئەوجا ئەمە نەك هەر لە بەغدا، بەڵكو لە نەجەفیش هەر فەرشی سووری بۆ راخرا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە نەك هەر حكومەت، بەڵكو لایەنە سیاسییەكانیش چاوەڕێی ئەوەن كە سەرۆك بارزانی رۆڵێكی گەورە بگێڕێت، لەمەش زیاتر لەسەر ئاستی ناوچەكەش لە چەند رۆژی رابردوو بینمان چۆن شای ئوردن پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرد، هەروەها بینیمان چۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریكا سەردانی سەرۆك بارزانی كرد، هەروەها هاتنی رۆژانەی ئەو هەموو سەرۆك وەزیر و وەزیرانەی لەو وڵاتانی جیاوازی دنیاوە سەردانی هەولێر دەكەن، ئەمانە هەموویان یەك راستیمان پێ دەڵێن، ئەویش ئەوەیە كە جەنابی سەرۆك بارزانی و هەرێمی كوردستان رۆڵێكی دیارو بەرچاویان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەكە و جیهانیش هەیە و ئەمە تێڕوانینی عێراق و ناوچەكە و جیهانە بۆ ئەو رۆڵە گەورەیەی سەرۆك بارزانی دەیگێڕێت.

*** ئایا لە سەردانەكەیدا بۆ بەغدا، تەوەری سەرەكی گفتوگۆكانی بارزانی لەگەڵ كۆی لایەنە سیاسییەكانی عێراق لەسەر چی بوو؟**

- نەك بە تەنیا ئێمە، بەڵكو كۆی سەركردە سیاسییەكانی عێراق (بە شیعە و سوننەوە) سەردانەكەی سەرۆك بارزانی بە مێژوویی و گرنگ وەسف دەكەن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم سەردانە بە كلیلی ئاساییكردنەوە و چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا لە قەڵەم دراوە، بۆیە لە میانی گفتوگۆكاندا سەرۆك بارزانی زۆر راشكاوانە جەختی لەسەر كۆی ئەو كێشانە كردۆتەوە كە لەنێوان بەغداو هەرێم بوونی هەبووە، وەك: دووبارەنەبوونەوەی ئەو سیاسەتە هەڵانەی پێشتر روویانداوە، دانانی میكانیزمێك بۆ ئاساییكردنەوەو چارەسەری ناوچە كێشە لە سەرەكان و دەستپێكردنەوەی هەوڵەكان بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠، چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی هەولێر وبەغدا لەسەر یاسای نەوت و گاز، چارەسەركردنی پشكی كوردستان لە یاسای بودجەی عێراق و.. هتد، بۆیە بە دروستكردنی رایەڵەی تێگەیشتن لەسەر ئەم پرسانە كارەكانی ئێمەی لە پەرلەمانی عێراق زۆر ئاسان كرد، لە بەرامبەریشدا بەڕێز د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، كەسێكی شایستە و لێهاتووە بۆ ئەو پۆستە و وەڵامدانەوەكانی جددییەتێكی زۆری پێوە دیارە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.



*** وەك جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق چەند جارێك سەردانی عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانت كردووە، ئایا هەر سەردانێكی رۆتینی بووە، یان بۆ ئامانجێكی دیاریكراو بوون؟**

- من چەند جارێك سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراقم كردووە، جاری یەكەم بۆ پرسی



پێکهێنانی کابینەی حکومەت بووە، دواتر بۆ بەدواداچوونی ئاکامی ئەو پرسانە چووین کە لە دوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بڕیار دراوە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان بخرێنەگەڕ. ئێمە بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ دەکەین، لە سەردانی دووەممان بۆ لای سەرۆك وەزیران باسمان لە رۆڵی بەڕێزیان کرد لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها هەڵگرتنی ئەو بازگانە کە لەنێوان (هەولێر — کەرکووك و هەولێر — موسڵ ) دانرابوون، هەروەها باسی شایستە داراییەکانی جووتیارانمان کرد، لەسەر هەموو ئەم پرسانە وەڵام و تێڕوانینەکانی بەڕێز سەرۆك وەزیران زۆر واقیعی و ئیجابییانە بوون و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت بە زووترین کات ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا ماون، چارەسەر بکرێن و نەمێنن، بێگومان بە کردەییش هەنگاوی باشی هەڵگرتووە و هەموو ئەو بڕیارانەی حکومەتی پێشووی عێراقی هەڵوەشاندۆتەوە کە بەرامبەر هەرێم دراون، ئێمەش لە پەرلەمان چەندین بڕیاری حکومەتی پێشوومان هەڵوەشاندۆتەوە، لە یەکێك لە دانیشتنەکان لەگەڵ سەرۆك وەزیران، وەزیری نەوتی عێراقیش ئامادە بوو، لەسەر ئەم پرسە باسکرا کە بەپێی یاسای بودجەی عێراق دەبێت کوردستان پابەند بێت کە رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل رادەستی بەغدا بکات، لەم کاتەدا وەزیری نەوتی عێراق گوتی: نەخێر ٢٥٠ هەزار نییە، بەڵکو دەبێت

**بڕی ٤٥٤ ملیار دینار مانگانە دانراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران، ٦٨ ملیار دینار مانگانە بۆ مووچەی پێشمەرگە کە دەکاتە کۆی ٥٢٢ ملیار دینار مانگانە کە ئەم بڕە پەیوەندی بە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداوە نییە**

**زۆر جاران هێندەی خۆمان غەدر لە خۆمان دەکەین، هێندە نەیارەکانمان غەدریان لێ نەکردووین، ئێمە ئەگەر لەناوماڵی خۆمان تەبا بین و بە هێزەوە قسە لەگەڵ بەغدا بکەین، قەناعەتم وایە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان وەردەگرینەوە**

کوردستان رۆژانە ٤٨٥ هەزار بەرمیل رادەستی بەغدا بکات، منیش پێمگوت: ئێمە باسی موعەدەلی رۆژانە دەکەین، لەمەش زیاتر ئێوە ماوەی چەند ساڵە بودجەی کوردستانتان بڕیوە و قەرزاری ئێمەن، حکومەتی کوردستان بە قەرزی کۆمپانیاکان توانیویەتی ژیانێکی مەمرەو مەژی بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات، ئێمە ئەوە دەبینین کە سەرۆك وەزیران پشتگیری لەو بەرگرییانە دەکات کە ئێمە لە مافەکانی خەڵکی کوردستانی دەکەین.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی پشکی کوردستان لە یاسای بودجەی ئەمساڵی عێراقدا، ئاشکرایە لەو یاسایەدا پشکی کوردستان بە ١٢,٦٪ تێپەڕیوە، ئایا خەڵکی کوردستان دڵی بە چیی ئەم بودجەیە خۆش بێت؟**

- یاسای بودجە بە رێژە هات، بەڵام لە سەرەتادا کە رێژەی ١٧٪ وەك پشکی کوردستان دیاری کرابوو، یاسا نەبوو، بەڵکو رێککەوتنی سیاسی بوو، بۆیە هەموو ساڵێك مشتومڕ لەسەر کەمکردنەوەی دروست دەبوو، هەر بۆ دڵنیایی خوێنەرانیشتان، لەو کاتەی بەناو پشکی ١٧٪ بۆ کوردستان دیار کرابوو، هیچ ساڵێك ئەو پشکە رێژەی ٩-١٠٪ ی زیاتری بۆ کوردستان نەهاتووە، چونکە بە لایەکی دیکە پارەکەیان دەبڕی، بەڵام ئەمساڵ لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق سەرژمێرییەکی ناراستەوخۆ کرابوو، بەپێی سەرژمێرییەکە کوردستان بە ناوچە کێشە لەسەرەکانیشەوە ١٣,٩٪ دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت، بەبێ ئەو ناوچانە رێژەکەی ١٢,٦٪، لە بەرامبەر ئەمە ئێمە چیمان کرد؟ گوتمان گرنگ نییە رێژەکە چەندە و ئەسڵەن رێژە لای ئێمە گرنگ نییە، بەڵام بەشە یاساییەکانی خۆمان لە یاسای بودجە چییە وەك خۆی بماندەنێ، بۆ نموونە، مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، مووچەی پێشمەرگە، بودجەی بەکاربەر بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشکی کوردستان لە بودجەی وەبەرهێنان، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، لە خەرجی سەروەریی و حاکیمە، ئەو خاڵانەی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، لەو بودجە پشکی کوردستان بدەن و لێمان مەبڕن، بۆیە بە وەرگرتنی هەموو ئەو پشکانەی لە ماددە جیاوازەکانی بودجەی عێراقدا هەیە، کوردستانیش دەگرێتەوە، رێژەی ١٢,٦٪ بە بەراورد بەو پشکەی پێشتر بە ناوی ١٧٪ دەنێردرا، زیاتر دەبێت، هەر بۆ نموونە بڕی ٤٥٤ ملیار دینار مانگانە دانراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران، ٦٨ ملیار دینار مانگانە بۆ مووچەی پێشمەرگە کە دەکاتە کۆی ٥٢٢ ملیار دینار مانگانە کە ئەم بڕە پەیوەندی بە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداوە نییە، ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەرێم و بەغدا.

*** چۆن توانیتان ئەمانە لە یاسای بودجەدا بۆ هەرێمی کوردستان بچەسپێنن؟**

- وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی بارودۆخەکەی گۆڕی و ژینگەیەکی تازەی دروست کرد کە ئێمە باشتر دەمانتوانی کاربکەین و لایەنەکانی بەرامبەریش نەرمیی زیاتر بنوێنن، لەلایەکی دیکەوە ئێمە بیرمان لەوە کردبۆوە کە بەردەوام پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا لە تەنگژە و هەڵکشان و داکشاندا بووە، بۆیە هەموو کات ئەو هەڵکشان و داکشانە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ناردن و نەناردنی بودجەی کوردستان کردووە، بۆیە ئێمە هەوڵماندا پشکی کوردستان لەم هەڵکشان و داکشانە بێنینە دەرەوە و بە یاسا بیکەین بە پابەندبوون بە سەر حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا حکومەتی کوردستان دەبێت پابەند بێت رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی بەغدا بکات، لەبەرامبەر ئەمەدا بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستان بدات، ئەمە پابەندبوونێکی یاساییە، بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین، ئەگەر حکومەتی هەرێم لە بەر هەر هۆکارێکی تەکنیکی، یان شتی دیکە نەیتوانی رۆژانە ئەو بڕە رادەستی حکومەتی بەغدا بکات، ئەوا حکومەتی بەغدا دەتوانێت لەو بڕەی کە بە نزیکەی ١٠ ترلیۆن دینار بۆ بودجەی کوردستان دانراوە، ئەو بڕە پارەیە ببڕێت کە حکومەتی کوردستان نەوتی رادەست نەکردووە، بەڵام نابێت دەستکاریی مووچەی فەرمانبەران بکرێت، ئەوان لە وەڵامی ئەمەدا گوتیان چۆن دەبێت ئێوە نەوتیش رادەست نەکەن

و ئێمە مووچەکانیش بنێرین؟ لە وەڵامدا پێمان گوتن، مووچەی خەڵکی کوردستان پەیوەندی بە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداوە نییە، هەر بۆیە کاتێك حکومەتی بەغدا کێشەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەبێت، پرسیار ئەوەیە ئایا دەستوور و یاسا سنووری دەسەڵاتەکانی هەردوو حکومەتەکەی دیاری نەکردووە؟ وتیان بەڵێ، ئینجا گوتمان با هەر دەستوور و یاسا کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکات، با حکومەتی بەغدا لە دادگای فیدراڵی گازندەی خۆی لەسەر حکومەتی هەرێم تۆمار بکات، ئەم پرسە چ پەیوەندییەکی بە فەرمانبەرانی کوردستانەوە هەیە، هەتا مووچەکەی ببڕێت؟ لەمەش زیاتر ئایا هاووڵاتیانی کوردستان عێراقی نین؟ لە وەڵامدا وتیان، بەڵێ، عێراقین، وتمان باشە ئەگەر عێراقین چۆن دەبێت حکومەتی عێراق وەك عێراقی سەیرمان نەکات و مووچەی فەرمانبەران ببڕێت؟ بۆیە پێمان گوتن، ئەگەر ناتوانن لێمان گەڕێن ریفراندۆمەکەی خۆمان تەواو دەکەین و لێتان جیا دەبینەوە، ئێوە نە بەوە رازین ئێمە عێراقی بین، نە بەوەش رازین لێتان جیا ببینەوە، ئێوە کێشەتان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە، بۆ گەلی کوردستان سزا دەدەن؟ کێشەکانی خۆتان لەگەڵ حکومەتی هەرێم بە دەستوور و یاسا چارەسەر بکەن. لەمەدا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە نەرمی بنوێنن و پرسی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە گرێ نەدرێتەوە بە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداوە. لێرەدا نابێت رۆڵ و ماندووبوونی خوشك و برایانمان و ئەندامانی کورد لە لیژنەی دارایی لە بیر بکەین، کە بە راستی هەوڵێکی زۆریاندا و جاری وا هەبوو تا سەعات دوو و سێی شەو کاریان دەکرد، کە بریتین لەو بەڕێزانە: (د. ئەحمەد سەفار- سەرۆکی لیژنە، ئەحمەدی حاجی رەشید، هوشیار عەبدوڵا، د. جەمال کۆچەر، شیروان میرزا و ئیخلاس سەباح.)

*** خاڵێکی دیکەی گرنگ کە باسی لێوە دەکرێت مەسەلەی گێڕانەوەی پۆستەکانی دیکەی بەغدایە بۆ کوردستان، ئایا لەسەر ئەم پرسە کارتان کردووە؟**

- بەڵێ، ئەم بابەتەش یەکێك بوو لەو پرسانەی لەگەڵ سەرۆك وەزیران د. عادل عەبدولمەهدی باسمان لێوە کرد، لەسەر ئەم پرسە پێمان راگەیاند، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بەشمان خوراوە، نەك هەر لە پرسی بودجە، یا ماددەی ١٤٠، بەڵکو چەندین پۆست و پلە لە بەغدا پشکی کورد بوون، وەك بریکاری وەزارەت و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزاو راوێژکار و ..هتد، کە ئیستا بە خەڵکی غەیرە کورد پڕکراوەتەوە، پێویستە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر ئەمەشدا سەرۆك وەزیران وتی ئەمەش کاری لەسەر دەکەین و هەموو پۆستەکانتان بۆ دەگێڕینەوە. بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە زۆر جاران هێندەی خۆمان غەدر لە خۆمان دەکەین، هێندە نەیارەکانمان غەدریان لێ نەکردووین، ئێمە ئەگەر لەناوماڵی خۆمان تەبا بین و بە هێزەوە قسە لەگەڵ بەغدا بکەین، قەناعەتم وایە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان وەردەگرینەوە. بەڵام ئەگەر لایەك هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بینایەك دروست بکات و لایەکی دیکە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بیڕووخێنێت، ئەوا قەت ئەو بینایە تەواو نابێت.

**ئەگەر لایەک هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بینایەک دروست بکات و لایەکی دیکە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بیڕووخێنێت، ئەوا قەت ئەو بینایە تەواو نابێت**

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە پرسی کەرکوکە، ئایا لەسەر ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکووك گەیشتوونەتە میکانیزمێکی هاوبەش؟**

- من قەناعەتم وایە ئێستا بەغداش گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە کەرکووك نە تەنیا بە بەغدا بەڕێوە دەچێت، نە تەنیا بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو کلیلی چارەسەری کێشەی کەرکووك لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستانە و ئەو کێشەیە بەو دوو کلیلە دەکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە بە شێوازێك کێشەی کەرکووك چارەسەر بکرێت، کە هەموو پێکهاتەکانی شارەکە بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا، ئومێدەوارم باشتر ئەم پرسە بچێتە پێشەوە و هەموو هێزەکان لەناو شارەکە بچنە دەرەوە و پاراستنی ئاسایشی شارەکەش بدرێتە هێزێکی هاوبەش کە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکی تیدا بێت.

**ئێستا بەغداش گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە کەرکووک نە تەنیا بە بەغدا بەڕێوە دەچێت، نە تەنیا بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو کلیلی چارەسەری کێشەی کەرکووک لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستانە و ئەو کێشەیە بەو دوو کلیلە دەکرێتەوە**





# دەوڵەت و حوکمڕانی

## لە قۆناخی پۆست (سیستمی نوێی جیهان)یدا

**بۆ هەردوو دەوڵەتی چین و رووسیا گەورەییە ئەگەر لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکاندا هاوشانی ئەمریکا دەربکەون، یان ئەمریکا ناچار بێت، پەنایان بۆ بەرێت، بەڵام بۆ ئیدارەی ترەمپ سیاسەتی خۆکوشتنە ئەگەر چین و رووسیا فەرامۆش بکات و هەوڵبدات کێشەکان بە شەڕ چارەسەر بکات**

ریچارد هاس سەرۆکی ستافی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەردوو ئیدارەی بیل کلینتۆن و خاوەنی کتێبی (جیهان لە حاڵەتی پاشاگەردانی)دا، لە دوایین توێژینەوەیەدا کە لە ژمارەی کانوونی دووەمی ئەمساڵی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، ئەو پرسیارەی وروژاندووە: «سیتستمی جیهانی چۆن کۆتایی پێ دێت؟ چ سیستمێکی دیکەی بە دوایدا دێت؟» راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هیچ ئومێدێك بەو سیستمە جیهانییە نەماوە کە پێیان دەگوت: «سیستمی نوێی جیهان»و هەر دەوڵەتێکیش، یان دەوڵەتانێك هەوڵی زیندووکردنەوەی بدەن، کاری بێهوودە دەکەن، بۆیە باشترە دەوڵەتان هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە لە پێناوی ئەوەی مردنی ئەم سیستمە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا نەهێنێت و ئەو سیستمەشی جێگەی ئەم سیستمە جیهانییەی ئێستا دەگرێتەوە، توانای ئەوەی هەبێت کۆتایی بەم پاشاگەردانییەی ئێستای جیهان بێنێت و هاوسەنگی لە نێوان هێزە گەورەکان و کۆی دەوڵەتانی جیهان رێکبخاتەوە.

ئەم بانگەشەیەی ریچارد هاس، ئەو پەیامەی بۆ دووتوێی ئەو توێژینەوە هەڵگرتووە کە چیدیکە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ناوی لێ نرا: (سیستمی نوێی جیهانی) بۆ ئێستای جیهان ناشێت و ناشتوانێت چیدیکە بانگەشە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان بکات، لە بری ئەمە پێشنیاری ئەوە بۆ جێگرەوەی (سیستمی نوێی جیهان) دەکات کە دەبێت گەڕانەوە بێت بۆ سیستمی نیودەوڵەتیی ڤیەننا لە ماوەی سالآنی ١٨١٥-١٩١٥، ئەمەش بەو مانایەی دەوڵەتە گەورەکان بۆ نموونە دەوڵەتانی ئێستای ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش (ئەمریکا، چین، رووسیا، فەرەنسا و بەریتانیا) دەبێت وێڕای جیاوازیی شێوازی سیستمی حوکمڕانییان، هەماهەنگی و کۆنسێرتێکی ئەوتۆ لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، کە توانای بڕیاردانیان لەسەر چارەنووسی جیهان هەبێت، هەروەها دەوڵەتانی دیکەش کە ئێستا ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، سیستمی حوکمڕانییان هەر سیستمێك (دیموکراتی، کۆمونیستی، ئەسۆریتاریانیزم، یان ئایینی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران و فاتیکان و ئیسرائیل و.. هتد) بێت، ئەوا هیچ کام لە هێزە گەورەکان ئەو مافەی نابێت کە بە زۆر سیستمی حوکمڕانیی دەوڵەتەکەی خۆی بە سەر دەوڵەتانی دیکەدا فەرز بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە دەوڵەتانی ئێستای ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوشان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان پێکەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی دوای (سیستمی نوێی جیهانی) دێت، هەماهەنگی و پابەندبوونیان بەو سیستمە هەبێت.

**دەوڵەتانی ئێستای ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت وێڕای جیاوازیی شێوازی سیستمی حوکمڕانییان، هەماهەنگی و کۆنسێرتێکی ئەوتۆ لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، کە توانای بڕیاردانیان لەسەر چارەنووسی جیهان هەبێت**

ئەوجا ئەگەر لێرەوە ئەم توێژینەوەیەی هاس بکەینە دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەی سێ سیستمی جیهانی (سیستمی نێودەوڵەتیی ڤیەننا، سیستمی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی گەلان، سیستمی نێودەوڵەتیی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان)، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە لە ئاکامی مردنی هەر سیستمێکی جیهانی و لەدایکبوونی ئەو سیستەمەی دوای ئەو، چەندین ئیمپراتۆر و دەوڵەت لەگەڵیدا مردوون و چەندین دەوڵەتی تازەش لەگەڵ سیستمە تازەکەی جیهان لەدایکبوون.

ئەم قۆناخەی ئێستای جیهان، کە لەگەڵ سەرەمەرگی (سیستمی نوێی جیهان) و لە چاوەڕێی لەدایکبوونی سیستمی دوای ئەودا گوزەران دەکات، قۆناخێکی تایبەت و گرنگە بۆ کۆی نەتەوەکانی جیهان بە گەلی کوردستانیشەوە، بەوەی دەبێت لە قۆناخی خۆئامادەکردندا بن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر چەمکی دەوڵەت و سەروەریی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانیدا دێت، زۆر نزیکە ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا ئەندامی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانن لەگەڵ کۆتاییهاتنی (سیستمی نوێی جیهاندا) ئەوانیش کۆتاییان بێت، ئەو نەتەوانەشی وەك گەلی کوردستان کە ئێستا بێ دەوڵەتن لە سیستمی دوای (سیستمی نوێی جیهاندا) جێگەی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا بگرنەوە و ببنە ئەندامی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەی کە جێگەی رێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستا دەگرێتەوە.

**• خۆپاراستن لە دەرهاویشتە خراپەکانی مردنی (سیستمی نوێی جیهان)**

دەوڵەتانی رۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتی بە ئەمریکاشەوە، بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە مردنی (سیستمی نوێی جیهان) واتە لە هەمانکاتدا مردنی ئەو هەژموون و باڵادەستییەی کە رۆژئاوا لەماوەی ساڵانی ١٩٩١- ٢٠١٧ بە سەر کۆی جیهاندا هەیانبووە و، دەزانن قۆناخی دوای باڵادەستیی رۆژئاوا (Post West) دەست پێ دەکات.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا رۆژئاوا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم باڵادەستییەی خۆی دەبێت؟ لەبەرامبەریشدا ئایا هەر دوو زلهێزە گەورەکەی جیهان (رووسیا و چین) چۆن پێگەی خۆیان لە بەرامبەر هەژموونی پێشانی رۆژئاوا باڵانس دەکەنەوە؟ لێرەدا پێش ئەوەی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە، ئەوا هەر خودی دوو پرسیارەکە سەبارەت بە گۆڕانکاریی گەورە لە جیۆپۆلیتکی بازنەی هێزە گەورەکان ئاماژەیەکی روون دەدات، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە هەردوولا (رۆژئاوا لەلایەك و رووسیا و چین لەلایەکی دیکە) بە ناوچەی نفووزی خۆیانی دەزانن، بەتایبەتی ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا دەبێت جارێکی دیکە نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ئەم ناوچەیە لەبەر رۆشنایی و کاریگەریی زلهێزەکاندا دووبارە رێکبخرێتەوە.

رووسیا لە ساڵی ٢٠١٤وە بە لکاندنی کریما بە وڵاتەکەیەوە، سنووری بۆ فراوانخوازیی هاوپەیمانیی ناتۆ لە بازنەی سۆڤیەتی پێشان داناوە، لە ٢٠١٥شەوە بە هاتنەناوەوەی راستەوخۆی بۆ شەڕی سووریا و رێگرتن لە کەوتنی رژێمی ئەسەد، سنووری بۆ رۆژئاوا و ئەمریکا داناوە، وەك ئاکامی شەڕەکەش هەتا ئێستا دەریخستووە، رووسیا جیا لەوەی لە شەڕی سووریادا وەك لایەنی براوەی شەڕەکە دەردەکەوێت و پرسی لکاندنی کریماشی بە رووسیاوە بۆ چۆتە سەر.

هەرچی کۆماری چینی میللیشە کە بەوە ناسراوە فراوانخوازیی جیۆپۆلیتیکی رەتدەکاتەوە و هەرگیز پەنای بۆ ئەم فراوانخوازییە نەبردووە، بەڵام لە چوارچێوەی پیادەکردنی (شەڕێکی بازرگانی)ی ئاقڵانەدا توانیویەتی نەك هەر کاریگەری لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا هەبێت، بەڵکو گوشارەکانی بۆ سەر دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەك دروست کردووە کە بروکسل ناتوانێت بڕیارێك دەربکات دژی پەیوەندییەکانی چین بێت، لەم دواییانەشدا دوای سەپاندنی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، چین ئەو گەمارۆیانەی رەتکردەوە و درێژەی بە بازرگانیی خۆی لەگەڵ ئێران داوە، ئەم دوو هەنگاوەی رووسیا و چین لە بەرامبەر ئەمریکا و رۆژئاوا، هەتا ئێستا نەتوانراوە لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا بەرپەرچ بدرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ فراوانخوازیی جیۆپۆلیتیکیی رووسیا دابنرێت، ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا، لە نیسانی ٢٠١٨ ناچار بوون شەرعییەتی نێودەوڵەتی و ڤیتۆکەی رووسیا پێشێل بکەن، لە پێناوی ئەوەی سنوورێك بۆ رژێمی بەشار ئەسەد دابنێن بۆ ئەوەی چیتر گازی ژەهراوی دژی گەلەکەی خۆی بەکار نەهێنێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا دیسان ئەوەیە، ئایا ئەمریکا و رۆژئاوا توانییان وەك تەحەددایەك بۆ رووسیا، رژێمی ئەسەد بڕووخێنن؟ بێگومان نەك هەر نەیانتوانی رژێمی ئەسەد بڕووخێنن، بەڵکو ئێستا ئەمریکا بۆ بیانوویەك دەگەڕێت بۆ ئەوەی هێزەکانیشی لە سووریا بکشێنێتەوە، هەروەك چۆن ئێستا ترەمپ بانگەشە بۆ نەمانی تەواوەتی داعش دەکات و بەڵێن دەدات لە کۆتایی نیسانی ئەمساڵ تەواوی هێزەکانی بکشێنێتەوە.

سەبارەت بە چینیش کە شی چینگ پینگ لە کۆڕبەندی ئابووریی دافوس لە ساڵی ٢٠١٧ رایگەیاند: ئەمریکا قازانج ناکات شەڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری چین بکات، دیارە وەڵامی ئەمریکا هەتا ئێستا بەو جۆرە بووە کە ئەمریکا نییەتی ئەوەی نییە لەسەر ئاستی جیهان شەڕی بازرگانی لەگەڵ هیچ وڵاتێك بکات بە چینیشەوە، بەڵکو ئەمریکا، ئەندامیەتی خۆی لە رێککەوتن و هاوپەیمانییە بازرگانییەکان پێناسە دەکاتەوە و مەرجی خۆی بۆ ئەندامیەتی لەو رێککەوتن و هاوپەیمانییانە فەرز دەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر

**لە ئاکامی مردنی هەر سیستمێکی جیهانی و لەدایکبوونی ئەو سیستەمەی دوای ئەو، چەندین ئیمپراتۆر و دەوڵەت لەگەڵیدا مردوون و چەندین دەوڵەتی تازەش لەگەڵ سیستمە تازەکەی جیهان لەدایکبوون**

**زۆر نزیکە ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا ئەندامی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانن لەگەڵ کۆتاییهاتنی (سیستمی نوێی جیهاندا) ئەوانیش کۆتاییان بێت، ئەو نەتەوانەشی وەک گەلی کوردستان کە ئێستا بێ دەوڵەتن لە سیستمی دوای (سیستمی نوێی جیهاندا) جێگەی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا بگرنەوە**

**ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی زۆر پێداگری لە سەر مانەوەی یەکپارچەیی عێراق دەکات و هەر لەم روانگەیەشەوە دژی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان راوەستا، بەڵام زۆر باش لەو راستییە تیگەیشتووە، کە عەرەبی شیعەی عێراق نەک لە نێوان ئێران و ئەمریکا، ئێران هەڵدەبژێرێت، بەڵکو عەرەبی شیعەی عێراق، بەحرێن، یەمەن، لوبنان، لە نێوان ئێران و یەکێتی نەتەوەی عەرەبدا، هەر ئێران هەڵدەبژێرن**

ئـەو رێککەوتـن و هاوپەیمانییـە بارزگانییانـەی جیهـان، بـە مەرجەکانـی ئەمریـکا رازی بـوون، ئـەوا ئەمریـکا ئامادەیـە دووبـارە رێککەوتـن و هاوپەیمانییـەکان دابڕێژێتـەوە، ئەگـەر رازیـش نەبـوون، ئـەوا ئەمریـکا لـەو رێککەوتـن و هاوپەیمانییانـە دێتـە دەرەوە، ئـەم هەڵوێسـتەی ئەمریکا لـە ماوەی دووساڵی یەکەمی ئیدارەی دۆناڵـد ترەمـب، مانـای ئەوەیـە بـە تەواوەتـی دەستبەرداری ئەو چەمکە کۆنە بووە کە پێویستە ئەمریـکا سـەرکردایەتیی جیهـان بـکات. لەمـەش زیاتر لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی جیۆپۆلیتیکی دیسان ئەمریـکا راشکاوانە دانی ناوە بە کۆتایی سیسـتمی لیبراڵیـی جیهـان (سیسـتمی نوێـی جیهـان) و هـەر لـە ٢٠١٧وە رایگەیانـدووە، ئـەو سیسـتمە بـۆ ئەمریـکا لـە سـاڵی ٢٠١٧ ناشـێت، لـە رووی کرداریشـەوە، بـە تەواوەتـی چاوپۆشـی لـە پرسـی لکاندنـی کریمـا بـە رووسـیاوە کـردووە و لەگـەڵ چینیشـدا هەماهەنگـن کـە چیتـر پێـوەری نێودەوڵەتـی بـۆ دەوڵەتانـی (تـەوەری شـەڕ) دیموکراتـی و نادیموکراتـی نییـە، بەڵکـو پاپەندبوونـی ئـەو دەوڵەتەیـە کـە نەبێتـە هەڕەشـەی جددی بـۆ سـەر ئاسایشـی جیهانـی، ئەمـەش لـە ناوبژیوانیـی چیـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەتۆمـی لـە نێـوان ئەمریـکا و کۆریـای باکـوور رەنگدانـەوەی باشـی هەبـوو، لـە لوتکـەی نێـوان سـەرۆکی ئەمریـکا و سـەرۆکی کۆریـای باکـوور لـە سنگافورە تـەواوی رەهەنـدە سیاسییەکانی بۆ ئاینـدەی جیهـان بەدیـار کـەوت.

ئـەم پێشـەکییە گرنـگ بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو رەهەندانـە دەستنیشـان بکەیـن کـە دەبنـە پێـوەر بـۆ دەوڵەتـی سـۆپەرپاوەر لەسـەر ئاسـتی جیهـان، ئەمـەش بـەو مانایـەی دەوڵەتـی سـۆپەرپاوەر بـە تەنیـا بـەو پێـوەرە نابێتـە سـۆپەرپاوەر کـە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتەکـەی خـۆی بەهێـز بێـت و توانـای ئـەوەی هەبێـت بەرگـری لـە خـۆی بـکات، نەخێـر، دەوڵەتـی سـۆپەرپاوەر بـە ئاسـتی نفـووزی لـە جیۆپۆلیتیکـە جیاوازەکانـی جیهـان و کاریگـەری لەسـەر بڕیـاری جیهانـی دەبێتـە سـۆپەرپاوەر، بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا کـە گۆڕانکاریـی گـەورە بەسـەر جیۆپۆلیتیکـی گەلێـك ناوچـەی جیهانـدا دێـت، کـە شـەڕی باڵادەسـتیی نفـووزی زلهێزەکانـی تێدەکەوێـت، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا بـۆ رێگرتـن لـە شـەڕ و راگرتنـی باڵانسـی نێـوان زلهێـزەکان، جیۆپۆلیتیکـی چەنـد ناوچەیەکـی جیهـان دووبـارە پێویسـتی بـە نەخشـە دارشـتنەوە دەبێـت، کـە یەکێـك لـەو ناوچانـەی پێشـبینی دەکرێـت، پێـش هـەر



ناوچەیەکی جیهان ئەو گۆڕانکارییە بیگرێتەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەموو دەوڵەتەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەی لە نێوان هەژموونی ڕووسیا و ئەمریکادا جۆلانە دەکەن، هەروەها هەندێکی دیکەشیان هەن وەك ( تورکیا، سعودیە، ئیسرائیل، قەتەر) ئەمانە بەرژەوەندییەکانیان لە نێوان (ئەمریکا و ڕووسیا) جۆلانە دەکەن، هەر بۆ نموونە ئەمریکا کە ڕاشکاوانە بە هەموو جیهانی ڕاگەیاندووە ئاسایشی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئامانجی یەکەمی سیاسەت و ستراتیژیەتی دەبێت لە ناوچەکەدا، بەڵام بەبێ هاوکاریی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل، ئەمریکا ناتوانێت بە تەنیا ئاسایشی ئیسرائیل بپارێزێت و پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و ڕووسیا و دیدارە گەرمەکانی نێوان پۆتین و نتانیاهۆ بەڵگەی حاشاهەڵنەگری پێویستیی ئیسرائیلە بە ڕووسیا بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەبارەت بە عەرەبستانی سعودی، قەتەر و تورکیا، کە بە سێ هاوپەیمانی نەریتیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ناسراون، بەڵام ئێستا ئەوانیش لە بارودۆخێکدان هەتا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە بازنەی ئەو هاوپەیمانییە نەریتییەیان لەگەڵ ڕۆژئاوا نەهاتنە دەرەوە و بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ڕووسیا دروست نەکرد، ئەوا خەریك بوو لە شەڕی دژی داعشدا کارەساتی زۆر گەورەی سیاسی و ئابووریيان بەسەردا بێت، هەر بۆ نموونە تورکیا کە لە سەرەتای هاتنە ناوەوەی ڕووسیا بۆ شەڕی سووریا، فڕۆکەیەکی ڕووسی خستە خوارەوە، بینمان تورکیا بە تەنیا باجی ئەم کارەی دا و ناتۆ نەیتوانی هیچ هاوکارییەکی تورکیا بکات، بۆیە ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا خۆی بە شەخسی چووە مۆسکۆ و وێڕای داوای لێبوردن، ئەوەشی سەرۆکی ڕووسیا داوای لێکرد، جێبەجێی کرد. عەرەبستانی سعودی کە بە هۆی کاریگەریی قەتەرەوە هەم لە بەرەی شەڕی سووریا و هەمیش لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە ستراتیژیەتی هیلالی شیعیدا شکستی هێناوە و ناچار بووە لای خۆیەوە بڕیار بدات و خۆی کردۆتە لایەنی سەرەکی لە شەڕی یەمەندا، هەوڵیدا بە پشتگیریی ئەمریکا و ڕۆژئاوا گەمارۆ بخاتە سەر قەتەر، بەڵام نەك وەك پێویست ئەمریکا هاوکاریی سعودیە نەکرد، بەڵکو کۆماری

**ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٤وە بە لکاندنی کریما بە وڵاتەکەیەوە، سنووری بۆ فراوانخوازیی هاوپەیمانیی ناتۆ لە بازنەی سۆڤیەتی پێشان داناوە، لە ٢٠١٥شەوە بە هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆی بۆ شەڕی سووریا و ڕێگرتن لە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، سنووری بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا داناوە**



**ئێران و ئەمریکا کە لە هەموو شتێکدا دوژمنی یەکترن، تەنیا لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقدا نەبێت، بەڵام ئەم پێداگرییەی ئەمریکا و ئێران، بۆ یەکپارچەیی عێراق نییە کە گەلانی عێراق بە برایەتی و خۆشگوزەرانی پێکەوە بژین، بەڵکو بۆ ئەوەیە عێراق وەک یەک پارچە دەبێتە ناوچەی نفووزی ئێرانی یان ئەمریکی**

**جێمی کارتەر لە سەرەتاوە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی کامپ دیڤید گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و بە بارمتەگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران شکستی گەورەی هێنا و ماوەی ١٢ ساڵ دیموکراتەکانی لە حوکمڕانی دوور خستەوە**

ئیسلامیی ئێران بە جۆرێك هاوکاریی قەتەری کرد کە کاریگەریی گەمارۆکانی پێوە دیار نەبێت. هەر بۆیە شا سەلمانی پادشای سعودیە ناچار بوو سەردانی مۆسکۆ بکات و پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لەگەڵدا ڕێکبخاتەوە.

لە بەرامبەر ئەم بەرەیەی کە ئەمریکا پێشتر وەك هاوپەیمانی نەریتیی خۆی سەیری دەکردن، دەبینین ئەو دەوڵەتانەی خۆیان لە بەرەی رووسیا دەبیننەوە، بۆ نموونە سوریا و ئێران و تا رادەیەك عێراقیش لە سەردەمی نوری مالیکی دەیویست خۆی بخاتە ئەو بەرەیەوە، دەبینین عێراق کە هەر بە یاسای نێودەوڵەتی بە دەوڵەتێکی داگیرکراو لەلایەن ئەمریکاوە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١١ پێناسە کراوە و پاشانیش لەدوای ساڵی ٢٠١٤وە لە سەر داواو رەزامەندیی حکومەتی عێراق هێزەکانی ئەمریکا گەڕاونەتەوە، بەڵام ئێستا سەبارەت بە پابەندبوونی بە سزاکانی ئەمریکاوە لەسەر ئێران، تا رادەیەکی زۆر لە سەر ئاستی حکومەت و مەرجەعییەتی نەجەف ئەو پابەندبوونە رەتدەکرێتەوە و ئەمریکاش تا رادەیەکی باش لە واقیعی عێراق تێگەیشتووە، بۆیە بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ رەتکردنەوەی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەکات، سەبارەت بە سووریا و ئێرانیش، ئەوە واقیعەکە راشکاوانە پیشانی داوە، پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا لە چ ئاستێکی دژواردایە، هەروەها بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە سووریا پیشانی دەدات، کە ئەمریکا لە واقیعی ئێستای سووریا چەند نائومێدە.

## ● لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سەبارەت بەو دەوڵەتانەی وەك هاوپەیمانی نەریتیی ئەمریکا هەتا ئێستا پێناسە کراون، ئەمریکا چەندی لە توانادا بێت، هەوڵدەدات جیۆپۆلیتیکی ئەو دەوڵەتانە وەك خۆی بمێنێتەوە و جارێکی دیکە بیانکاتەوە بە هاوپەیمانی نەریتیی خۆی، سەبارەت بەو دەوڵەتانەشی کە لە حاڵەتی جۆلانەدان، واتە نە دەتوانن بە تەواوەتی ببنە هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمریکا، یان رووسیا، نفووزی هەردوولاش لەو دەوڵەتانەدا هەیە، ئەوا لەم حاڵەتەدا لەوانەیە هەمان سیناریۆی نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان و ئەمریکا لە نیمچە دوورگەی کۆریا دووبارە ببێتەوە، کە لەژێر گوشاری سۆڤیەتدا، ئەمریکا ناچار بوو بە دابەشبوونی کۆریا بۆ باکوور و باشوور رازی بێت، یان هەمان سیناریۆی دابەشکردنی بەرلین لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی لەنێوان ستالین و ترۆمان دووبارە بکرێتەوە.

مەبەست لە دووبارەکردنەوەی ئەو دوو سیناریۆیە، ئەوەیە کە ئەو ناوچانەی لە سیستمی فرەجەمسەریدا، بە ناوچەی نفووزی هاوبەشی نێوان هێزە گەورەکان لە قەڵەم دەدرێن، ناکرێت بە تێکەڵی بمێنێتەوە و دەبێت ناوچەی نفووزی هێزە گەورەکان لە یەکتری جیابکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری جیۆپۆلیتیکی دەوڵەتێکی وەك عێراق بکەین، کە لەسێ ناوچەی جیۆپۆلیتیکیی جیاواز پێکدێت و هەر ناوچەیەکیش بە ناوچەی نفووزی یەکێك لە زلهێزەکان لە قەڵەم دەدرێت.

سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی زۆر پێداگری لە سەر مانەوەی یەکپارچەیی عێراق دەکات و هەر لەم روانگەیەشەوە دژی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان راوەستا، بەڵام زۆر باش لەو راستییە تیگەیشتووە، کە عەرەبی شیعەی عێراق نەك لە نێوان ئێران و ئەمریکا، ئێران هەڵدەبژێرێت، بەڵکو عەرەبی شیعەی عێراق، بەحرێن، یەمەن، لوبنان، لە نێوان ئێران و یەکێتی نەتەوەی عەرەبدا، هەر ئێران هەڵدەبژێرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عەرەبی شیعە لە هەر کوێیەکی دەوڵەتانی عەرەبی بێت، کۆماری ئیسلامی بە ناسنامەی مەزهەبی خۆی دەزانێت، نەك کۆمکاری عەرەبی، یان ئەوەی پێی دەڵێن یەکبوونی نەتەوەیی عەرەب.

ئەم بیرکردنەوەیە دروست وەك بیرکردنەوەی کیم ئیل سۆنگ لە کۆریای باکوور و هۆشی مینە لە ڤێتنام وایە، کە ئامادەبوون وڵاتەکەیان دابەش و وێران بکرێت، بەڵام ئامادە نەبوون دەست لە پاشکۆیەتی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو هەڵبگرن، کیم ئیل سۆنگ و هۆشی مینە،

هێندەی ئایدیۆلۆژیەتی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانیان بە ناسنامەی خۆیان دەزانی، ناسنامەی نیشتمانیی کۆریا و ڤێتنامیان بە ناسنامەی خۆیان نەدەزانی، بۆیە ئەگەر کیم ئیل سۆنگ بە دابەشکردنی کۆریا بۆ باشوور و باکوور کۆتایی بە شەڕەکە هێنابێت، ئەوا هۆشی مینە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ڤێتنام بکاتە پاشکۆی سۆڤیەت، وڵاتەکەی کاول کرد و هەتا ئێستاش ڤێتنام وەك یەکێك لە دەوڵەتە هەژارەکان لە قەڵەم دەدرێت.

پرسی جیۆپۆلیتیکی ئێستای عێراقیش بەمجۆرەیە. راستە ئێران و ئەمریکا کە لە هەموو شتێکدا دوژمنی یەکترن، تەنیا لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقدا نەبێت، بەڵام ئەم پێداگرییەی ئەمریکا و ئێران، بۆ یەکپارچەیی عێراق نییە کە گەلانی عێراق بە برایەتی و خۆشگوزەرانی پێکەوە بژین، بەڵکو بۆ ئەوەیە عێراق وەك یەك پارچە دەبێتە ناوچەی نفووزی ئێرانی یان ئەمریکی، لەم نێوەندەدا هەڵوێستی رووسیا واقیعییانەترەو دەزانێت مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەو تێڕوانینەی ئێران و ئەمریکا، مەبەست عێراق نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە دەبێتە ناوچەی نفووزی چ لایەك بە تەواوەتی، بۆیە رووسیا لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی هەڵوێستێکی ئەرێنی و زۆر باشی بە پێچەوانەی ئێران و ئەمریکا بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستان هەبوو، لەمەشدا رووسیا زۆر باش لەوە دڵنیابوو ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، راستەوخۆ دەبێتە ناوچەیەکی گرنگی جیۆپۆلیتیکی بۆ نفووزی رۆژئاواو ئەمریکا، بەڵام لەوەش دڵنیا بوو کە لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە دەبێتە ناوچەیەکی جۆلانە لە نێوان رووسیا لەلایەك و رۆژئاواو ئەمریکا لەلایەکی دیکە.

لێرەوە ئەگەر سەیری هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا بکەین لە بەرامبەر ریفراندۆمەکەی کوردستان، دەبینین تورکیا لەگەڵ ئەوەی لە رووی پەیامەکانیەوە، پەیامی زۆر توند و زبری ئاراستەی هەرێمی کوردستان دەکرد و هەڕەشەی زۆر ترسناکی دەکرد، بەڵام لە رووی کردارییەوە هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵنەگرت، بێجگە لە سەپاندنی گەمارۆی ئاسمانی بۆ ماوەی چەند مانگێك لە سەر هەرێمی کوردستان. ئەوانەی شارەزای سیاسەتی دەوڵەتی تورکیان لە سەردەمی ئاك پارتی و رەجەب تەیب ئەردۆگان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەڕەشەکانی ئەردۆگان لە هەرێمی کوردستان، هێندەی پەیام بوون بۆ ئیستهلاکی ناوخۆیی و زیاتر چەسپاندنی پێگەی ئاك پارتی لای نەتەوەپەرستەکانی تورکیا و ترساندنی کوردەکانی باکوور، هێندە هەڕەشەکان ئاراستەی هەرێمی کوردستان نەبوون، دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆ تورکیا دەوڵەتێکی وەك دەوڵەتی کوردستان دراوسێی بێت باشترە، نەك دەوڵەتێکی مەزهەبگەرای شیعە کە بەردەوام مەترسییەك بێت بۆ هاندانی عەلەوییەکان، نە دەوڵەتێکی سوننەی عەرەبیش هاوسێی بێت کە بەردەوام هەڕەشە دەبێت بۆ ناردنی تیرۆریستان، زیاد لەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، لەگەڵ ئەوەی تورکیا لەدوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەی رووسیا، ناچار بووە پەیوەندییەکی بازرگانی و ئابووری و تا رادەیەك سەربازی لەگەڵ رووسیا دروست بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە تورکیا لە ناوچەی نفووزی ئەمریکا و رۆژئاواوە بووبێت بە ناوچەی نفووزی رووسیا، بۆیە لەم حاڵەتەدا تورکیا مەترسیی ئەوەی نەبوو کە ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر خاکی تورکیا، بەڵکو تورکیا بەگشتی و ئاك و پارتی و رەجەب تەیب ئەردۆگان بەتایبەتی، رووداوی ریفراندۆمی کوردستانیان بۆ ئیستهلاکی ناوخۆیی و بەرژەوەندیی حزبەکەیان لە هەڵبژاردنەکاندا قۆستەوە.

لە ئێستادا کە واقیعەکە پێویستی بەوەیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە راشکاوی دەربکەوێت، ئەم راشکاوییەش کە لە ساڵی داهاتوو ٢٠٢٠ دەبێتە هەوێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ترەمپ بۆ خولی دووەمی ئیدارەکەی، پێویستی بەوەیە کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا بە لایەکدا بکەوێت، ئەم بەلادا کەوتنەش بۆ دۆناڵد ترەمپ خۆکوشتنی سیاسییە ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە کە بە شەڕ یەکلایی بکاتەوە، خۆ ئەگەر ترەمپ و ئیدارەکەی نەتوانن

**رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناوبژیوانیی نێوان تاران و واشنتۆندا هەمان رۆڵی چین لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکادا دەگێڕێت**

**ئەگەر ئەمریکا بۆ کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران لەگەڵ مۆسکۆ نەرمی بنوێنێت، بەو مانایەی ئەمریکا رازی بێت بە راپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نەك راپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل، ئەوا گرێکوێرەی نێوان واشنتۆن و تاران دەکرێتەوە و لە پرسی ناوچەکانی نفووزی ئێرانیشدا، رووسیا لە بەرامبەر ئەمریکادا چارەسەرێک هەر دەدۆزێتەوە**

کێشەکەیان لەگەڵ ئێران یەکلایی بکەنەوە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠، ترەمپ هەمان سیناریۆ و چارەنووسی جیمی کارتەر دێتەوە ڕێی، چۆن جیمی کارتەر لە سەرەتاوە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی کامپ دیڤید گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و بە بارمتەگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران شکستی گەورەی هێنا و ماوەی ١٢ ساڵ دیموکراتەکانی لە حوکمرانی دوور خستەوە، ئەگەر ترەمپ لە ماوەی ئەمساڵەدا کێشەکان لەگەڵ ئێران بەبێ شەڕ چارەسەر نەکات، هەمان سیناریۆ لەسەری دووبارە دەبێتەوە.

لێرەوە ئەگەر بە وردی سەرنج لە خوێندنەوەی ئەم هاوکێشەیە بدەین، دەبینین واقیعی سیاسی و ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ دەنگدەرانی ئەمریکا، فەرزی کردووە کە ئەمریکا نایێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێراندا بژاردەی شەڕی هەبێت، باشە کە ترەمپ نەتوانێت پەنا بۆ بژاردەی شەڕ ببات، ئایا چۆن لەماوەی ساڵێکدا ئەم کێشە گەورەیە لەگەڵ ئێراندا یەکلایی دەکاتەوە؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە چاودێران پێیانوایە، ئیدارەی ترەمپ ناچار دەبێت لە دەرگای مۆسکۆ بدات لە مۆسکۆوە وەڵام وەربگرێتەوە، نەك لە تارانەوە، هەروەك چۆن ئیسرائیل بۆ لێدانی بنکە سەربازییەکانی سووریا پێویستی بە تیشکی سەوزی دیمەشق نییە، بەڵکو تیشکی سەوز لە مۆسکۆوە وەردەگرێت، ئەوا لە ئێستاوە ئیدارەی ترەمپ دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت لەسەر کۆی گشتیی کێشەکانی ناوچەکە لەگەڵ موسکۆ ڕێگەیەکی دیکە بگرێتەبەر، لەسەر ئەم ناوەندگیرییەی مۆسکۆ بۆ تاران و واشنتۆن، دینیس رۆس گەورە دیپلۆماتکاری ئەمریکا پێیوایە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاران ناچار دەبێت کە لە دەرگای مۆسکۆ بدات بۆ ئەوەی وەڵامی لابردنی سزاکانی لە واشنتۆنەوە بۆ بێنێتەوە، بەڵام پەنابردنی ترەمپ بۆ دروشمی (مرگ بر امریکا) کە ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی ئەمریکا بەرزی کردۆتەوە و وەڵامدانەوەی ئێران بەوەی کە ئەم دروشمە تەنیا دژی ترەمپ و پۆمپیۆیە، ئەمە پیشانی دەدات، کە کات لە بەردەم کۆماری ئیسلامی زیاترە، نەك ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، ئەزموونی سزا ئابورییە نێودەوڵەتییەکانیش لە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانیش سەلماندوویانە، سزاکان بەو ئاستە کاریگەر نین لە یەك دوو ساڵدا چۆك بە دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئێران دابدات، بۆیە لە ئێستاوە مەزندەکان بەو ئاراستەیە وەرچەرخاون کە ئەمریکا ناچار دەبێت زووتر لە دەرگای مۆسکۆ بدات، نەك ئێران، هەڵوێستەکانی چەند مانگی ڕابردووی ترەمپیش بەرامبەر بە ڕووسیا، بەتایبەتی لە گێڕانەوەی ڕووسیا بۆ ناو گرووپی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکە و هەروەها لە پشتگوێخستنی هەڵوێستەکانی ناتۆ و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر لکاندنی کریما بە ڕووسیاوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناوبژیوانیی نێوان تاران و واشنتۆندا هەمان ڕۆڵی چین لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکادا دەگێڕێت.

بۆ هەردوو دەوڵەتی ( چین و ڕووسیا) گەورەیە ئەگەر لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکاندا هاوشانی ئەمریکا دەربکەون، یان ئەمریکا ناچار بێت، پەنایان بۆ بەرێت، بەڵام بۆ ئیدارەی ترەمپ سیاسەتی خۆکوشتنە ئەگەر چین و ڕووسیا فەرامۆش بکات و هەوڵبدات کێشەکان بە شەڕ چارەسەر بکات.

سەبارەت بە سەرکەوتنی چین لە کێشەکانی نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا ڕووسیاش بە هەمان شێوەی چین لە ناوبژیوانیی ئێران و ئەمریکا سەرکەوتوو دەبێت؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکە دەوروژێت، ئەویش ئەوەیە، ئایا چۆن کۆریای باکوور دەستبەرداری خەونی یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆریای باشوور بە شەڕ بوو؟ لە هەمانکاتدا دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بوو بەرامبەر بە مانەوەی سیستەمەکەی. ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەستبەرداری نفوزی خۆی لە پاکستانەوە تا گەرووی باب مەندەب دەبێت، لەهەمانکاتیشدا دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەبێت بۆ مانەوەی کۆمارەکەی؟ وەڵامدانەوەی ئەم

**ڕووسیا لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی هەڵوێستێکی ئەرێنی و زۆر باشی بە پێچەوانەی ئێران و ئەمریکا بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستان هەبوو، لەمەشدا ڕووسیا زۆر باش لەوە دڵنیابوو ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، ڕاستەوخۆ دەبێتە ناوچەیەکی گرنگی جیۆپۆلیتیکی بۆ نفووزی ڕۆژئاواو ئەمریکا، بەڵام لەوەش دڵنیا بوو کە لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە دەبێتە ناوچەیەکی جۆلانە لە نێوان ڕووسیا لەلایەک و ڕۆژئاواو ئەمریکا لەلایەکی دیکە**



پرسیارە بەو شێوە بەراوردکارییە جیاوازیی گەورە دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بووە لە رێککەوتنی وڵاتانی ٥+١ لە بەرامبەر کۆمارەکەی، جیاوازیی دیکەش ئەوەیە دەستبەرداربوونی پرۆگرامی ئەتۆمی و دەستبەرداربوون لە نفووزی ئێرانی ناوچەکە یەك سەفقە نەبوون، هەتا کۆماری ئیسلامی یەکێکیانی جێبەجێ کردبێت و یەکێکیانی پێشێل کردبێت، بەڵام لەگەڵ کۆریای باکوور هەردووکیان یەك پاکیج بووە، پێش ئەوەی دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بێ، دەستبەرداری دووبارە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا بە شەڕ بووە، بۆیە لەگەڵ ئامادەباشی بۆ دەستبەرداربوون لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە، کاری چین ئاسان بوو، توانی ئەو گرێیەش بکاتەوە. بەڵام بۆ رووسیا کارێکی قورسە کە خۆی ئەندامی وڵاتانی (٥+١)ـە بۆ دەستبەرداربوونی ئێران لە پرۆگرامی ئەتۆمی و بێجگە لە ئەمریکا، پێنج دەوڵەتەکەی دیکە لەناو رێککەوتنەکەدا ماون کە لە بری ئێران قسە لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی بکات، بۆیە لەم خاڵەدا ئیدارەی ترەمپ ئەگەر ناچاربن لە دەرگای مۆسکۆ بدەن، ئەوا دەبێت لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران دەست دانەگرن، لە بەر ئەوەی لە کۆی شەش دەوڵەت پێنجیان گلەییان لە ئێران نییە، دەمێنێتەوە، پرسی ناوچەی نفووزی ئێرانی کە دیارە ئەمەشیان ئێران بە پشتی رووسیا تیایدا باڵادەستە، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا بۆ کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران لەگەڵ مۆسکۆ نەرمی بنوێنێت، بەو مانایەی ئەمریکا رازی بێت بە راپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نەك راپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل، ئەوا گرێکوێرەی نێوان واشنتۆن و تاران دەکرێتەوە و لە پرسی ناوچەکانی نفووزی ئێرانیشدا، رووسیا لە بەرامبەر ئەمریکادا چارەسەرێك هەر دەدۆزێتەوە.



**ڕێبوار تاڵەبانی**

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک سەرکردایەتیی کورد نییەتپاکیی خۆی پیشانداوە و سەرکردایەتیی عێراقیش باش لەمە تێگەیشتوون

**لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و سەپاندنی دۆخێکی سەربازی بەسەر پارێزگای کەرکوکدا، ئەو شارە بە دۆخێکی نائاسایی و نایاساییدا تێپەڕ بووە، ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ هێوربوونەوەی دۆخی کەرکوك، بەتایبەتی دوای تواندنەوەی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق و ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکەی ١٨ی ئەم مانگەی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە هەولێر؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو دوا گۆڕانکارییەکانی کەرکوك، دیدارێکمان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەنجامدا.**

*** تائێستا شاری کەرکووك بە دۆخێکی نائاسایی و سەربارزی و میلیتاریدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام باس لە هەوڵێك دەکرێت، کە بۆ هێورکردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکووك دەدرێت، وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك چ زانیارییەکتان لەو بارەیەوە هەیە؟**

- هەفتەی رابردو پڕ بوو لە ڕووداو و کۆبوونەوە، ئیدی لەسەر ئاستی سیاسی بێت، یان لەسەر ئاستی سەربازی، ئەوە بوو بۆ یەکەمجار پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوەو، هەندێ خاڵیان دەستنیشان کردو بڕیاریان دا کە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ١٨ی ئەم مانگەدا ئەنجام بدرێت. لەسەر ئاستی سەربازییش لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە ئەو کۆبوونەوە و هەماهەنگییە کرا، کە توانییان نەخشەڕێگایەك دابنێن بۆ هاوکاری و هەماهەنگی بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ئێستاش ئێمە چاوەڕوانی هەڵگرتنی هەنگاوی نوێترین.

*** دەکرێت وردەکاریی زیاتر بخەنەڕوو لەبارەی ئەو کۆبوونەوەی کە بڕیارە ١٨ی ئەم مانگە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئەنجامی بدات؟**

- دیارە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی هەنگاوێکی باشیان هەڵگرتووە، هەرچەندە لە نێوان پارتی و یەکێتی چەند بۆچوونێکی جیاواز هەبوو، بەوەی ئایا سەرەتا کار لەسەر دۆخی ئیداریی شاری کەرکووك بکرێت، یان کار لەسەر دۆسێی ئەمنی بکرێت و هەلومەرجە ئەمنییەکە ئاسایی بکرێتەوە. ئێمە دەزانین یەکێتی پێی باش بوو کێشەی کەرکووك و بەغدا و پرسەکانی نێو هەرێمی کوردستان بکرێنە یەك پاکێج، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان رای وابوو کە ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنیی شاری کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکرێتە ئەولەوییەت و بخرێتەپێش بابەت و پرسەکانی دیکەوە، ئێستاش دیارە هەردوولا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك بۆ ئەوەی لە ١٨ی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، هەم وەك هەنگاوێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش کارا بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تا ئێستا ماونەتەوە، ئاشکرایە ئەمەش ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی پارێزگا من چاوەڕوانم کە یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن ئەو پێشنیارە بە سەرکردایەتیی ئەنجومەن بدەن، بۆ ئەوەی منیش دەستنیشانی ڕۆژی کۆبوونەوەکە بکەم لە ١٨ مانگ، ئەگەر هات و پێم گەیشت.

*** ئێوە چۆن لەم هەنگاو و هەوڵانە دەڕوانن بۆ ئەنجامدانی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەو ناوچانەدا؟**

**عەبادی دوای ئەو لەشکرکێشییەی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان بووە یەکێک لەو سەرکردانەی عێراق کە دووبارە قەتماغەی برینی کوردی هەڵدایەوە**

**هەوڵەکانی ئەم دواییە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دووبارە نییەتپاکیی سەرکردایەتی و میللەتی کورد پیشان دەدات**

**ئەگەر بتوانین پێداچوونەوە بە خۆماندا بکەین و نێوماڵی کورد ڕێکبخەینەوە لە داهاتوودا کوردستان ئارامییەکی سیاسیی باش بە خۆیەوە دەبینێت**

**دەبێت سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن لە بارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و چیتر بوار نەدەین بە نەیارانی دۆزی کورد گەمە بە پیرۆزییەکان و بە ئامانجە گەورەکانی میللەتی کورد بکەن**

**لەبەر ئەوەی شاری کەرکووک لە ژێر سایەی حوکمڕانییەکی سەربازیدا بەڕێوە دەچێت، هیچ یاسایەک لە سایەی ئەم دۆخەدا جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش هەر ئەوە بوو کە ئێمە لێی دەترساین و لەبارەیەوە نیگەران بووین**

- لە راستیدا ئێمە دەبێت لە روانگەی بەرنامەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی-یەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین کە رایگەیاند: پێویستە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق لە دۆخی عەسکەرتاریەت پاك بکرێتەوە و دۆسیە و دەسەڵاتی ئەمنی رادەستی پۆلیسی مەحەلی بکرێت، کە سەرەتا هەڵسەنگاندنێك بۆ دۆخە ئەمنییەکە دەکرێت وەك زەمینەسازییەك بۆ ئەوەی دواتر دۆسێی ئەمنی رادەستی پۆلیسی مەحەلی بکرێت. واتە رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو هەنگاوانە کە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بە ئاراستەی جێبەجێکردنی بەرنامەکەی هەڵیبگرێت.

*** ئێمە دەزانین کە دوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و خاوبوونەوەی گرژییەکان و سەردانی ئەم چەند رۆژەی دوایی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، هەموویان هەوڵێکن بە ئاراستەی باشترکردنی بارودۆخەکە، ئێوە چۆن لە گرنگیی ئەم سەردانانە دەڕوانن؟**

- ئەم سەردانانە زۆر گرنگ بوون، بەتایبەتی کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بێ متمانەییەك لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست بوو لە سەروەختی عەبادی کە بە داخەوە یەکێك بوو لەو سەرکردانەی دووبارە قەتماغەی برینی کوردی هەڵدایەوە، لە دوای ئەو لەشکرکێشییەی کە هێنایە سەر ناوچە کوردستانییەکان. کەواتە هەوڵەکانی ئەم دواییە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دووبارە نییەتپاکیی سەرکردایەتی و میللەتی کورد پیشان دەدات، بۆ ئەوەی هەر کەسێك لە عێراقدا بوو، دەبێت مافە دەستوورییەکان بەدەست بهێنێت و شەراکەتێکی راستەقینەی هەبێت و سەرکردەکانی عێراقیش بە رادەیەکی باش لەمە تێگەیشتوون، لەم روانگەیەوە من پێموایە لە داهاتوودا کوردستان ئارامییەکی سیاسیی باش بە خۆیەوە دەبینێت، بەتایبەتی ئەگەر بتوانین دووبارە پێداچوونەوە بە خۆماندا بکەین و نێوماڵی کورد ڕێکبخەینەوە. لێرەدا کە دەڵێم ماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن لە بارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و چیتر بوار نەدەین بە نەیارانی دۆزی کورد کە لە ناوچە کوردستانییەکاندا گەمە بە پیرۆزییەکان و بە ئامانجە گەورەکانی میللەتی کورد بکەن.

*** ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی کەرکووك، ئەوا ئێمە دەزانین جگە لە دۆخە ئەمنییە نەخوازراوەکەی ئەو شارە، ئەوا پرسی دزین و بە تاڵانبردنی نەوتیش لەو شارە لە ئارادایە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا دزینی نەوت لەسەر ئاستی عێراقدا هەیە، بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین لە عێراقدا رۆژانە ٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەڵام خەڵکی عێراق لە بەسرەوە- کە بەشی هەر زۆری نەوتەکە لەم پارێزگایە بەرهەم دەهێنرێت- نازانن ئەو نەوتە بەرەو کوێ دەچێت، مەبەستم ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەم نەوتە و داهاتەکەی دەدزرێت، واتە لە عێراقدا جگە لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران، هیچ شتێکی دیکە بۆ ئەم وڵاتە نەکراوە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت لەم رووەوە پێداچوونەوە بکات و بوار نەدات بەو کەسانەی سەرقاڵی دزینی نەوتن درێژە بەم کارەیان بدەن.

*** باس لەوە دەکرێت ئەمریکا هەوڵی پرۆسەیەك دەدات سوپای عێراق و پێشمەرگە دووبارە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێکەوە و بە هاوبەشی بەڕێوەی ببەن، ئایا تاچەند ئەم دەنگۆیانە راستن؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەموو لایەك خوازیاری ئەوەیە کە ئەوەندەی دەکرێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، ئیدی بەرژەوەندی حزبی بێت، یان نەتەوەیی، یان تایفەگەری. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمریکا خۆی وەك هێزێکی داگیرکار هاتە عێراقەوە و لەم رووەوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیاری بۆ دەرکرد، واتە عێراق تا ساڵی ٢٠١١ خاوەنی سەروەری نەبوو، لە ساڵی ٢٠١١دا لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی ستراتیژی ئەمنیدا دووبارە سەروەری بە عێراق بەخشرایەوە و ئەو رێککەوتنەش خاڵێك لە خۆدەگرێت و عێراق پابەند دەکات، کە ئەگەر هاتوو دۆخی ئەمنی و دیموکراسیی عێراق کەوتە ژێر پرسیارەوە،



ئـەوا دووبـارە ئەمریـکا وەك هێزێکـی داگیـرکار دەگەڕێتـەوە بـۆ عێـراق و خـۆی عێـراق بەڕێـوە دەبات. لـە ئێسـتادا داعـش کۆتایی پێ نەهاتووە لـە عێراقـدا، هەروەهـا لـە ڕووی سیاسیشـەوە پشـێوییەك هەیـە، لـەم ڕوانگەیـەوە ئەمریـکا دەتوانێت جارێکـی دیکـە عێـراق بەڕێوە بباتـەوە.

*** ئەگەر لەسەر ماف و پشکەکانی پارێزگای کەرکووك وەك شارێکی بەرهەمهێنەری نەوت لە یاسای بودجەی عێراقدا ڕابوەستین، ئایا لەم ڕووەوە چ خوێندنەوەیەکتان هەیە؟**

- مـن پێمـوایـە وا باشـترە ئـەم پرسـیارە لـە پەرلەمانتـارە کوردەکانـی سـەر پشـکی پارێـزگای کەرکووك لە پەرلەمانی عێراق بکرێت، کە بڕیارە ئـەوان چاودێریی ئـەم پرس و بابەتـە بکـەن، بـەڵام ئـەوەی بۆتـە نەریتێك لـە ساڵانی ڕابـردودا ئەوەیە کـە بـۆ هـەر بەرمیلێـك نـەوت کـە دەفرۆشـرێت ئـەوا لـە سـەدا ٥ی بدرێت بـە شـاری کەرکـووك بـۆ چارەسـەرکردن و نەهێشـتنی ئـەو کاریگـەری و شـوێنەوارە ژینگەییانـەی لـە ئەنجامـی دەرهێنانـی نەوتـەوە لـەم شـارە ڕوودەدات، بـەڵام تـا ئێسـتا نازانرێـت ئـەو ڕێژەیـە بـۆ کەرکـووك چەنـدە.

*** ئـەی بڕیـاری هەڵگرتنـی خاڵـە گومرگییـەکان بۆ خەڵکی کەرکووك و کرانـەوەی بازاڕی ئـەو شـارە بـە ڕووی هەرێمـی کوردستاندا چ گرنگییەکـی هەیـە؟**

- لـە ڕاسـتیدا ئەمـە هەنگاوێکـی زۆر گرنـگ بـوو، چونکـە ئێمـە دەزانیـن ئـەم دۆخـە خەڵکـی کەرکووکـی هیـلاك و هەراسـان کـردووە، نرخـی شـتومەك گـران بـوو. هەروەهـا ئـەوەی جێـی داخـە ئەوەیـە کـە ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق و ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراقیـش نەیانتوانـی پۆلیسـێکی گومـرگ پابەنـد بکـەن بـە جێبەجێکردنـی یاسـاکانی عێراقـەوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی شـاری کەرکـووك لەژێـر سـایەی حوکمڕانییەکـی سـەربازیدا بەڕێـوە دەچێـت، هیـچ یاسـایەك لـە سـایەی ئـەم دۆخـەدا جێبەجـێ ناکرێـت، ئەمـەش هـەر ئـەوە بـوو کـە ئێمـە لێـی دەترسـاین و لەبارەیـەوە نیگـەران بوویـن.

*** لـە کۆتاییـدا دەمانەوێـت بپرسـین چـۆن لـە ئەگەرەکانـی هێوربوونـەوەی دۆخـی کەرکـووك دەڕوانن، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی نزیکبوونەوەی ئـەم دواییـەی نێوان یەکێتـی و پارتـی و بڕیـاری ئەنجامدانـی کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووك؟**

- ئەگـەر جارێکـی دیکـە هەڵـە نەکەیـن و دووبـارە یەکڕیزیـی نێـو ماڵـی کـورد تێـك نەدەیـن، ئـەوا بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن بارودۆخەکـە لـە بەرژەوەندیـی میللەتـی کورددایـە، واتـە ئەگـەر دەرس وەرنەگریـن لـەو دۆخـەی بەسـەرماندا هـات لـە ئەنجامـی پەرتەوازیـی بڕیـاری کـوردی، ئـەوا ئێسـتاش ناتوانیـن سـوود لـەم بارودۆخـە وەربگریـن کـە عێـراق لـە خراپتریـن حاڵەتدایـە لـە ڕووی ئیقلیمییـەوە. کەواتـە پێویسـتە لایەنـەکان کێشـە حزبـی و شەخسـییەکانی خۆیـان وەلابنێـن و دەسـت لـە بەرژەوەندییـە بەرتەسـك و کاتییەکانـی خۆیـان هەڵگـرن و دووبـارە تەرکیـز لەسـەر کێشـە بنەڕەتییەکـە بکەنـەوە، کـە خزمەتکردنـی میللەتـی کـورد و کوردسـتانیبوونی کەرکووکـە.

**لە ساڵی ٢٠١١دا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی ئەمنیدا دووبارە سەروەری بە عێراق بەخشرایەوە و ئەو ڕێککەوتنەش خاڵێک لە خۆدەگرێت و عێراق پابەند دەکات، کە ئەگەر هاتوو دۆخی ئەمنی و دیموکراسیی عێراق کەوتە ژێر پرسیارەوە، ئەوا دووبارە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و خۆی عێراق بەڕێوە دەبات**

# سۆشیال میدیا

## بەشی دووەم

## تایبەتمەندییەکانی سۆشیاڵ میدیا

میدیای نویٚ، یان سۆشیاڵ میدیا بە سرووشتی کارەکەی کە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیاری و بابەتەکانە لە هەندیٚ رووەوە رەنگە هاوشێوەی میدیای کۆن بێت، بەڵام هەلومەرجی کارکردنی ئێستاو ئەو ئامرازانەی کە بەکاریان دەهێنێت جیاوازە، ئەمەش وایکردووە هەندێك لە تایبەتمەندی و رەگەزە پێکهێنەرەکانی جیاواز بێت، نموونەی هەندێك لەو تایبەتمەندییانە:

١. کارلێکی (التفاعلي): لە کۆندا میدیا تەنیا نێردەر بوو، وەرگریش تەنیا وەرگر ئەگەر فیدباکێکی ناڕاستەوخۆی هەبووبێت، بەڵام دوای هاتنی میدیای نویٚ و ستۆدیۆ راستەوخۆکان لە ئەمڕۆدا کاتێك پەیامەکان لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە دەدرێنە وەرگر، ئەمە کارێکی پەیوەندیکردنی تایبەتە بۆ ئاراستەکردن و ئاڵوگۆڕکردن. واتە ئاراستەکردنێکی یەکلایەنی نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو لایەندا و راستەوخۆ وەرگر دەتوانێت وەڵام و کاردانەوەی هەبێت بۆ پەیامەکان، کارلێکردن توانای پەیوەندییەکی نوێیە و وەڵامدانەوەیەکە لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە، پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیش لە میدیای نوێدا سەریهەڵداوە کە ئەمە مۆدێلێکی نوێی میدیایەکە کە تیایدا وەرگریش توانای بەشداریکردنی هەیە. جگە لەوەی توانیویەتی وەرگر و نێردەر لەیەك کەسدا کۆبکاتەوە، واتە هەموو بەکارهێنەرەکانی سۆشیاڵ میدیا وەرگر و لە هەمان کات نێردەریشن.

٢. جۆراوجۆری و هەمەچەشنی (التنوع): واتا هەمەڕەنگی لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا، لەهەمان کاتدا هەمەچەشنی لە پەیامەکان، لەیەك کاتدا دەنگ و رەنگ و تێکست لە بەردەستی وەرگردایە کە وا لە وەرگر دەکات، ئازاد بێت و کۆمەڵێك هەڵبژاردەی هەبێت بۆ وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان و بەکارهینانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان، پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگر لە رێگەی ئەو کەناڵەی کە خۆی چێژی لیٚ دەبینێت.

٣. پابەندنەبوون (اللالتزامنية): نوێگەرییەك کە میدیای نویٚ کردی پەیوەست نەبوون بە کات و شوێنە، لە میدیای کۆندا دەبوو چاوەڕێی کاتە دیاریکراوەکانی هەواڵ و زانیاری بیت لە تەلەفزیۆن، یان دەرچوونی رۆژنامەکان، یان رادیۆ و هەندێك لەم ئامێرانە نەدەتوانرا لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکار بهێندرێت، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاتنی چەندین ئامرازی نوێی وەك مۆبایل و ئایپادو و ئایپۆدو...هتد لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و زانیارییەکان پەیوەست نەبن بە کاتی دیاریکراو بۆ پەخشبوونیان .

٤. جیهانی بوون (الكونية): تایبەتمەندیی جیهانی هەیە و وابەستە نییە بە وڵاتێك، یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، یان لۆکاڵی بوونی بابەت و زانیارییەکانی، یان بەکارهێنەرەکانی، ژینگەی پەیوەندیکردن بووەتە ژینگەیەکی جیهانی و هەموو سنوورێکی کات و شوێن و سانسۆڕەکانی تێپەڕاندووە.

٥. تەواوکاری و پارێزراوی (التكامل): بۆ زانیارییەکانی ناو میدیای نویٚ تاکەکان دەتوانن هەر بابەتێك کە مەبەستیانە بیپارێزن و هەڵیبگرن لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەر ئەوەی لە سیستمی ژمارەییدا دەتوانرێت سەرجەم زانیارییەك هەڵبگیرێت



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید




بۆ گوڵان نووسیویەتی

و بە پارێزراوی بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

٦. دیاری نەکراوای جەماوەری (اللاجماهیریة): وەك چۆن لە بوارەکانی دیکەدا خاسییەتی جیهانی هەیە لە جەماوەر و بەکارهێنەرەکانیشیدا، هەر بەو شێوەیە واتە پەیامەکان تەنیا بۆ تاکێك، یان کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان بۆ جەماوەرێکی گەورە نییە، وەك ئەوەی کە هەبوو لە پێشتردا، هەروەها کار دەکات لەسەر سیستەمی پەیوەندیی راستەوخۆ کە راستەوخۆ لە نێردەرەوە دەگاتە وەرگر.

٧. کۆکەرەوەی کۆمەڵێك ئامراز پێکەوە (اندماج الوسائط): میدیای نوێ هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی بەکاردەهێنێت، وەك: کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئایپادو ئایپۆدو لەهەمان کاتدا دەق و وێنەی وەستاو، وێنەی جووڵاو هەروەها وێنەی دووانی و سێ لایەنی و چوار لایەنی و...هتد.

٨. توانای گەیاندن و گواستنەوە (قابلیة التحویل و التوصیل): واتە لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان دەتوانین بە رێگەی ئامرازێکەوە پەیامەکان پەیوەست بکەیت بە ئامرازێکی دیکەوە، وەك ئەو تەکنیکەی کە پەیامێکی بیستراو دەگۆڕێت بۆ پەیامێکی نووسراو، هەروەها ئامادەیی لە گەیاندنی مەبەست بە یەك گەیاندنی دوو ئامێرە کە لە ئەنجامدا پەیامێکی میدیایی دەگوازێتەوە، وەك گواستنەوەی زانیارییەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ لە رێگەی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەوە.

٩. تێپەڕاندنی بەربەستی رۆشنبیری (تجاوز الحدود الثقافیة): زۆر جار گەشەی رۆشنبیر وابەستەی کات و سەردەم و تایبەتمەندیی جوگرافیی خۆیەتی، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتێك جیاوازە لە وڵاتیکی دی، بۆیە رەنگە ئەمە وابکات ئاست و گەشەی رۆشنبیریی تاکەکان جیاوازتر بێت لە ئاست و گەشەی رۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە هەروەك دەوترێت تۆڕی ئینتەرنێت بە تۆڕی تۆڕەکان ناسراوە، تۆڕەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەموو ساڵێك لە گەشەکردندایە بە رێژەیەکی زۆر گەورە بەردەوامە و ئەمەش بۆتە هۆی بارگرانی و قورسبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی و گەشەکردنی، هەروەها بەکاربەرانی ئینتەرنێت ساڵ لەدوای ساڵ لە گەشەکردندایە کە هەموو سنوورە جوگرافییەکانی بڕیوە و جیهانی بچووك کردۆتەوە بۆ گوندێکی بچووك و سەردەمی گلۆباڵیزەیشن دروست بووە.

١٠. ئاگاداربوون و لێ وردبوونەوە (الانتباە والترکیز): وەرگر بە حوکمی بەردەستیی ئامراز و پەیامەکانی راگەیاندنی نوێ، زۆرتر دەتوانێت ئاگادار بێت و تەرکیزو لێ وردبوونەوە بکات بە پەیامەکاندا و چەند جارێك سەیری بکات و ببینێت، یان بیخوێنێتەوە..

١١. هەڵگرتن و پاراستن (التخزین و الحفظ): سرووشتی ئەم میدیایەیە وایە زۆر ئاسان بە بێ بەکارهینانی ئامێری دیکەی وەك هارد، سی دی و کاسێت دەتوانیت بابەتەکان خەزن بکەیت و هەڵیبگریت. کاتێك وەرگر توانای هەڵگرتن و پاراستنی ماددە میدیاییەکانی هەبێت، ئەوا هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتر گرنگیدان بە پەیامەکان بەپێی کاتی گونجاوی وەرگر.

دیمانەی تایبەت

جۆناسان کۆتلار
پرۆفیسۆری رۆژنامەگەری بۆ گوڵان:

# کێشەکە ئەوەیە بێ وردبوونەوە لە راستی و دروستیی هەواڵەکان پەلە لە بڵاوکردنەوەیان دەکرێت

جۆناسان کۆتلار پرۆفیسۆرە لە سکووڵی رۆژنامەگەری لە زانکۆی ساوز کالیفۆڕنیا، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك مافە دەستوورییەکان، مێژووی راگەیاندن، یاسای راگەیاندن و سیاسەتی گشتی. پێشتر کاری پارێزەرایەتی کردووە لە دادگاکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا و دادگا فیدراڵییەکان بە دادگای باڵای ئەمریکاشەوە. بۆ شرۆڤەکردنی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی بەسەر کاری رۆژنامەگەریدا هاتوون، هەروەها بۆ لێکدانەوەی ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە کاری رۆژنامەگەری و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.



*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەو تەحەددی و گرفتانەی لە رۆژگاری ئێستادا رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەبنەوە، ئایا پێتانوایە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی روویانداوە چیتر رۆژنامەگەری رۆڵە تەقلیدییەکەی خۆی نابینێت و ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێی کاری رۆژنامەگەرییەوە؟**

- بە تێڕوانینی من دروست و سەرهەڵدان و بەکارهێنانی ئەوەی پێی دەوترێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان –سۆشیاڵ میدیا- و تۆڕی ئەنتەرنێت بوونەتەهۆی ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر جەوهەری کاری رۆژنامەگەری تەقلیدی، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت کارێکی باشتر دەکەن، بەراورد بە رۆژنامەگەری، چونکە ئەوان ئەم کارە ناکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی رۆژنامەگەری تەقلیدی چیتر توانای ئەوەی نەماوە لەنێو سۆشیاڵ میدیا یان ئەم بزنسەدا بمێنێتەوە، واتە چیتر توانای ئەوەی نەماوە درێژە بە خۆی بدات و بەردەوام بێت.

*** دەکرێت مەبەستەکە زیاتر روون بکەنەوە کاتێك دەڵێن کێشەکە ئەوەیە کە رۆژنامەگەریی تەقلیدی چیتر توانای ئەوەی نییە درێژە بە ئەرك و کاری خۆی بدات؟**

- مەبەستم ئەوەیە کاتێك تۆ نەتوانیت داهات پەیدا بکەیت و بەدەست بهێنیت بەهۆی کارە رۆژنامەگەرییەکەتەوە، ئەوا تۆ ناتوانیت سەرچاوەی پێویستت هەبێت بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسەکان بخەیتەگەڕ تاوەکو کارەکەت بۆ ئەنجام بدەن، ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە لە ئێستادا رۆژنامەگەریی تەقلیدی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بگرە ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی، کە پێناچێت بتوانێت پلانێکی بزنسی هەبێت، واتە پێناچێت بتوانێت سەرچاوەی داهات بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت.

**فەیسبووک هیچ کۆنترۆڵێکی لەسەر نییە و گەورەترین هەڕەشە و مەترسی لە سەر ڕاستی و دیموکراسی دروست کردووە**

**ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی چیتر توانای ئەوەی نەماوە لە نێو سۆشیاڵ میدیا، یان ئەم بزنسەدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێت**

**بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، ئەگەری زۆرە هەواڵی ساختە و ناڕاست بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو ببێتەوە، بە بێ ئەوەی وردبینی تێدا کرابێت**

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان- سۆشیال میدیا- کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی چیتر ڕۆژنامەگەری نەتوانێت ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی بگێڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ئەرکی ڕۆژنامەگەری تەقلیدی ئەدا بکەن؟**

- نەخێر، بە دڵنیاییەوە ناتوانن. دواتر من پێم وایە سەرەتا دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە، ئایا مەبەستمان لە سۆشیال میدیا چییە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باسی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بکەین لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، وەک نیویۆرک تایمز و لەندەن تایمز، ئەوا ئەمە کارێکی ئاساییە و هیچ گرفتێکی تێدا نییە، چونکە لێرەدا تەنیا ئامرازی کارکردنی ڕۆژنامەگەرییەکە گۆڕاوە، بە بێ ئەوەی کوالیتییەکەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتبێت. بەڵام کاتێک ئێمە باسی ئەو ڕۆژنامەگەرییە دەکەین کە لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێت کە پێیان دەوترێت هاووڵاتیی ڕۆژنامەنووس، لە ڕێی کاری سۆشیال میدیاییەوە، ئەوا ئەمە کارێکی ئاسایی نییە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەم کەسانە ڕۆژنامەنووس نین، بەڵکو کەسانێکی ئاسایین و کۆمپیوتەرێکیان پێیە و هەواڵ و زانیاری بڵاو دەکەنەوە.

*** باشە دەقاودەق کێشە و مەترسیی ئەمە لە چیدایە، یان ئەمە چ دەرئەنجامێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، ئەوا بۆی هەیە هەواڵی ساختە و ناڕاست بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو ببێتەوە، بێ ئەوەی وردبینی تێدا کرابێت و یان بە بێ ساغکردنەوەی ڕاست و دروستیی هەواڵەکە، ئەمەش مایەی مەترسییەکی گەورەیە، مەبەستم ئەوەیە کە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی، لە هەمان کاتدا مەترسییەکەی گەورەیە لەسەر ڕاستی و هەواڵی ڕاست و دروست. با ئەمە بە نموونەیەک ڕوون بکەمەوە، ئەگەر تۆ کێشەیەکی یاسایت هەبێت، ئەوا ڕوو دەکەیتە پارێزەرێک بۆ ئەوەی لە دادگا بەرگریت لێ بکات، واتە ڕوو ناکەیتە هاووڵاتییەکی ئاسایی، هەروەها ئەگەر کێشەیەکی تەندروستیت هەبوو، ئەوا ناچیتە لای هاووڵاتییەکی ئاسایی، بە هەمان شێوە زۆربەی ئەو کەسانەی سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان هاووڵاتییەکی ئاسایین، نەک ڕۆژنامەنووسێکی پیشەوەر. بەڵام کاتێک ئەم کەسانە دەست دەدەنە کارێک کە پیشەی ڕۆژنامەنووسانە، ئەوا زیانێکی گەورە بەم پیشەیە دەگەیەنن.

*** ئێوە لە یەکێک لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە هەواڵی ساختە کرد، هەروەک ئاشکرایە لە ئێستادا چەمکی هەواڵی ساختە- فەیک نیوز- بۆتە دەستەواژەیەکی باو و بەربڵاو، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ناڕاست لە بری ئەوەی بەکاربهێنرێن بۆ ئەداکردنی ڕۆڵی سرووشتی و چاوەڕوانکراوی خۆیان؟**

- من پێموایە ئەمە دەرئەنجامێکی نەخوازراوە کە لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دروست بووە، مەبەستم ئەوەیە لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پەرۆشن و پەلەیانە بۆ ئەوەی یەکەم دەزگا بن کە هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە، ئەگەرچی ئەمە لەسەر حیسابی ڕاست و دروستیی هەواڵەکەش بێت، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە وەک پێویست ڕەچاوی ئەوە نەکەن کە تا چەند ئەو هەواڵە وردە، لەبری ئەوە ئەولوییەت لای ئەوان خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەیە، ئەمەش کاریگەریی زیانبەخشی لێدەکەوێتەوە، چونکە تۆ دەبێت بچیتە بنج و بنەوانی ڕاست و دروستیی هەواڵەکە، کەواتە ئەمە زیانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە وەک لە قازانج، واتە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنەکان دەیانەوێت یەکەم لایەن بن کە هەواڵ بڵاو بکەنەوە، نەک یەکەم لایەن بن کە هەواڵی ڕاست بڵاو بکەنەوە. ئێوە بڕواننە فەیسبووک، کە هیچ کۆنترۆڵێکی لەسەر نییە، ئەوا گەورەترین هەڕەشە و مەترسی لە سەر ڕاستی و دیموکراسی دروست کردووە، نەک تەنها لە سەر وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو لە سەرتاسەری وڵاتەکاندا. واتە ئەم هەڕەشەیە لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە فەیسبووکەوە بووە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئێستا ئێمە لە ڕۆژگاری دوای ڕاستیدا دەژین – پۆست تروس- وەک ئەوەی هەندێ کەس ئاماژەی پێدەکەن؟**

- نەخێر، من باوەڕم بەمە نییە، ڕاستە من ئەم دەستەواژەیەم بیستووە، بەڵام هیچ کاتێک ئێمە ناتوانین لە ڕۆژگاری دوای ڕاستیدا بژین،

دەستەواژەیەکی کۆن هەیە کە هەزاران ساڵە وتراوە، ئەویش ئەوەیە: راستی مایەی ئازادبوونە، کەواتە ئەگەر ئێمە بڵێین ئێمە لە رۆژگاری دوای راستیدا دەژین، ئەوا دەبێت ئەوەش بڵێین کە سەرجەم شارستانیەتییەکان کۆتاییان هاتووە.

*** ئەی پێتوایە کاریگەریی ئەو بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژییە چییە کە روویداوە، بەتایبەتی ئێستا کە دەکرێت هەواڵ و زانیارییەکان زۆر بە خێرایی بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبنەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئایا کاریگەریی ئەم بەرەوپێشچوونە لەسەر کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری چی بووە؟**

- لە راستیدا هەمیشە رۆژنامەگەری خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا گونجاندووە، ئیدی تەلەگراف بێت، یان کەشتی هەڵمی بێت، یاخود رادیۆ و تەلەفزیۆن بێت، واتە هەمیشە توانیویەتی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا. دواتر ئێمە دەزانین تەکنەلۆژیا ئامرازێکی بێلایەنە لە خودی خۆیدا، مەبەستم ئەوەیە مەسەلەکە ئەوەیە چۆن ئێمە ئەم تەکنەلۆژیایە بەکار دەهێنین. لەم روانگەیەوە دەبێت تەکنەلۆژیا بەو شێوەیە بەکار بهێنرێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانمان بکات، نەك بە پێچەوانەوە.

*** وەك شارەزایەکی بواری مافە دەستوورییەکان و یاسای راگەیاندن، ئایا چۆن داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی و جێگیرکردنی بۆ نموونە لە دەستووردا لەسەر کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن کاریگەریی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەیەکی راستەقینەیە، چونکە ئێمە سیستمی یاسایی جیاواز و جۆراوجۆرمان هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا و هەر وڵاتێکیش پێیوایە دەبێت یاسای ئەو جێبەجێ بکرێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەگەر من لێرەوە(لە کالیفۆڕنیاوە) دابنیشم و کۆمپیوتەرێکم لەبەردەست بێت، ئەوا دەتوانم دەستم بە زانیاری بگات لە هەموو بەشێکی جیهاندا و خۆ ئەگەر بێت و بڵاویان بکەمەوە، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کام یاسا بەسەر مندا جێبەجێ دەبێت؟ ئایا یاسای ئەو شوێنەی کە منی لێم، یان یاسای ئەو شوێنەی کە زانیارییەکەم بۆ ناردووە و دابەزێندراوە؟ کەواتە تاوەکو نەتوانین لەم رووەوە بگەینە رێککەوتنێك- کە پێم وانییە بتوانین- ئەوا ئەو پشێوییە درێژە دەکێشێت کە باڵی بەسەر دۆخی ئێستادا کێشاوە.

*** بەڵام ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێت، ئایا پێویستە چی بکرێت، یان با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا دەتوانرێت هیچ هەنگاوێکی بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو پشێوییەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن؟**

- من پێموایە رۆژنامەگەری پیشەیە نەك بازرگانی، لەم رووەوە باوەڕم وایە پێویستە راهێنان بەو کەسانە بکرێت کە خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە کاری رۆژنامەگەرییەوە، بەڵام کێشەکە لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەنتەرنێت دەرفەتێکی دروست کردووە بۆ ئەوەی کەسانێك بێن و بانگەشەی ئەوە بکەن کە رۆژنامەنووسن، لە کاتێکدا ئەوان ئەو راهێنانەیان نەبینیوە کە پێویستە بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێت کار و پیشەیی رۆژنامەنووسی ئەنجام بدات. چونکە ئێمە دەزانین رۆژنامەنووسی راستەقینە دەزانێت کە کارەکەی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت کە وردبێت لە هەواڵەکانیدا و لە راستی و دروستی و بنج و بنەوانیان بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەوەی ناومان ناوە رۆژنامەنووسی هاووڵاتی، ئەمانە رەچاو ناکات، ئەمەش مایەی مەترسییە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا دۆخێك دروست بووە کە ناتوانیت کەسی رۆژنامەنووسی راستەقینە لەو کەسانە جیا بکەیتەوە کە بانگەشەی رۆژنامەنووسی دەکەن.

*** کەوایێت لە ئێستادا ئێمە پێویستمان بە چ جۆرە کارێکی رۆژنامەگەری و راگەیاندن هەیە؟**

- من پێموایە ئەو ئامرازانەی بە هۆیانەوە هەوڵ و زانیاری بڵاو دەکرێنەوە، ئیدی ئەنتەرنێت بێت، یان پەخشی تەلەفزیۆنی بێت، یان ئامرازە تەقلیدییەکانی وەك رۆژنامە و گۆڤارەکان مەسەلە سەرەکییەکە نین لەم رووەوە، مەبەستم ئەوەیە رۆژنامەگەری هەر رۆژنامەگەرییە، ئیدی تۆ چ ئامرازێك بەکار بهێنیت بۆ ئەنجامدانی کارەکە، ئەوا گرفتێك نییە. بە گوزارشتێکی دیکە، خودی ئامرازەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە ئایا رۆژنامەگەرییەکی باشمان هەیە یان نا. کەواتە مەسەلەکە پەیوەست نییە بە تەکنەلۆژیاوە، لەم روانگەیەوە من پێموایە پێویست بێت کاری رۆژنامەگەری رێکبخرێت، واتە پێویستە راهێنان بەو کەسانە بکرێت کە دەیانەوێت خۆیان سەرقاڵ بکەن بە ئەنجامدانی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندنەوە.

**رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکان دەیانەوێت یەکەم لایەن بن کە هەواڵ بڵاو بکەنەوە، نەک یەکەم لایەن بن کە هەواڵی راست بڵاو بکەنەوە**

**هیچ کاتێک ئێمە ناتوانین لە رۆژگاری دوای راستدا بژین، دەستەواژەیەکی کۆن هەیە کە هەزاران ساڵە وتراوە، ئەویش ئەوەیە: راستی مایەی ئازادبوونە**

**ئەگەر ئێمە بڵێین ئێمە لە رۆژگاری دوای راستیدا دەژین، ئەوا دەبێت ئەوەش بڵێین کە سەرجەم شارستانیەتییەکان کۆتاییان هاتووە**

**لە ئێستادا دۆخێک دروست بووە کە ناتوانێت کەسی رۆژنامەنووسی راستەقینە لەو کەسانە جیا بکەیتەوە کە بانگەشەی رۆژنامەنووسی دەکەن**

**کاتێک سەرۆک دۆناڵد ترەمپ سۆشیال میدیا و بەتایبەتی تویتەر بەکار دەهێنێت، بە تەواوەتی خۆی لە رۆژنامەنووسان لادەدات و رێگایەکی راستەوخۆ دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە خەڵکی بگەیەنێت**

*** باشە هەڵسەنگاندنت چییە بۆ پەیوەندیی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکاران، کە ئێمە دەبینن هەندێ جار سەرۆك ترەمپ هێرش دەکاتە سەریان لە کاتێکدا کە پرسیاری لێ دەکەن؟**

* لە راستیدا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کەسێکی زۆر زیرەکە، چونکە ئەو دەزانێت کە رۆژنامەگەری واتە لەفلتەردانی هەواڵ و بابەتەکان، واتە ئەگەر تۆ رۆژنامەیەکی رۆژانە دەربکەیت، ئەوا کۆبوونەوەی رۆژانە دەکرێت بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت چی بڵاو بکرێتەوە، واتە ئەوانن کە بڕیار دەدەن خەڵکی چی بخوێنێتەوە، یان لە حاڵەتەکانی دیکەدا ئەوان بڕیار دەدەن خەڵکی گوێ لە چی بگرن، یان چی ببینن. بەڵام کاتێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دێت و سۆشیال میدیا، بەتایبەتی تویتەر بەکار دەهێنێت، ئەوا بە تەواوەتی خۆی لە رۆژنامەنووسان لادەدات و رێگایەکی راستەوخۆ دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە خەڵکی بگەیەنێت، واتە ئەو بۆی دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی پشتیوانی لێدەکەن، پشتیوانی لە رۆژنامەگەری ناکەن، واتە ئەو کەسانە باوەڕ بە خودی سەرۆك ترەمپ خۆی دەکەن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رێگایەك بگرێتەبەر کە راستەوخۆ پەیامی خۆی بگەیەنێت.

*** باشە کاریگەرییە خراپ و نەرێنییەکانی ئەم حاڵەتە چییە لەسەر دیموکراسی، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەمریکا؟**

- ئەوەی لە ئەمریکا بەدی دەکرێت شکستخواردنی رۆژنامەگەری و راگەیاندنی مەحەلییە لەم وڵاتەدا، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر چاودێری نەکردن و ئاشکرا نەکردنی ئەو گەندەڵییانەی کە حکومەتە مەحەلییەکان تێوەی گلاون لەگەڵ ئەو کارە تاوانکارییانەی ئەنجام دەدرێن، مەبەستم ئەوەیە تیشك و تەرکیزی کەمتر دەخرێتەسەر ئەم کێشانە. لەسەر ئاستی نیشتمانیش، هەمان کێشە بەدی دەکرێت لە پەیوەندی بە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ. هەروەها من دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە دەستەواژە و گوزارشتێك بکەم لە ئەمریکا کە دەڵێت ئەگەر رۆژنامەگەری راستییەکانمان پێ نەڵێت، ئەی کێ پێمان دەڵێت. کەواتە لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئێمە متمانە بە تویتەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکەین، یان متمانە بە کاری رۆژنامەگەری و رۆژنامەکانی وەك نیویۆرك تایمز، یان واشنتۆن پۆست بکەین، کە ئەم رۆژنامانە کاری بەدواداچوون دەکەن بۆ ساغکردنەوەی بنج و بنەوانی هەواڵ و زانیارییەکان. کە ئێمە دەزانین سەرۆك دۆناڵد ترەمپ درۆ دەکات، ئەمە سەلمێنراوە و بە دۆکیۆمێنت کراوە، کەواتە جیاوازییەکە ئەوەیە ئەو کەسەی کاری رۆژنامەگەری دەکات، دڵنیا دەبێتەوە لە راست و دروستیی هەواڵەکان، لە کاتێکدا ئەو کەسەی تویت دەکات، ئەم کارە ناکات و هەر شتێکی بوێت دەتوانێت بیڵێت.

*** لە روانگەی خوێندنەوەکانت بۆ کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن کە لە میانەی وەڵامەکانتدا ئاماژەت پێکردن، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە رۆڵی تەقلیدیی رۆژنامەگەری بەرەو پووکانەوە بچێت، یان دەتوانێت متمانە و میسداقییەت بەدەست بهێنێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باش و بایەخدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست بێت بە رۆژنامەگەرییەوە، بەڵکو پرسەکە پەیوەندیدارە بە خەڵکەکەوە، کە لە ئێستادا خەڵکەکە بەرەو دابەشبوونێکی زیاتر دەچێت لە نێوان ئەو کەسانەی کە دەخوێننەوە و ئەو کەسانەی ناخوێننەوە. بۆیە پێموایە ئەگەر بە تەنیا پشت بە تویتەر، یان فەیسبووك ببەستیت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بکەوێتە ژێر کاریگەریی گەمەپێکردنتەوە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە دەخوێننەوە و نرخ بۆ هەواڵە رۆژنامەگەرییەکان دادەنێن دوچاری ئەم حاڵەتە نابنەوە. ئەم حاڵەتە نیگەرانم دەکات، چونکە مەسەلەکە پەیوەندیدار نییە بە یاساوە، لەبەر ئەوەی ئێمە چوارچێوەیەکی یاسایی پتەومان هەیە، هەموارکردنەوەی یەکەمی دەستوورمان هەیە کە ئازادییەکی تەواو بۆ کاری رۆژنامەگەری دەستەبەر دەکات، واتە توانای ئەوەمان هەیە هەر چییەك بڵێین کە دەمانەوێت، بەڵام کێشەکە دوو رەهەندی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کەسانێکی کەم لە ئێمە ئامادەین ئەم کارە بکەین، دووەمیان ئەوەیە کەسانێکی کەم هەن کە دەیانەوێت لەم سەرچاوەیەوە- رۆژنامەگەری- هەواڵ و زانیاری بەدەست بهێنن.




تیم گلێسۆن
پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەگەری بۆ گوڵان:

# سەرەڕای دژوارییەکان کاری ڕۆژنامەگەری لە بواری چاودێریکردندا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە

**تیم گلێسۆن پرۆفیسۆری ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییە لە زانکۆی ئۆریگۆن، بە شێوەیەکی تایبەتی شارەزا و پسپۆڕی پەیوەندیی ستانداردە ئیتیکییەکانە بە پارێزگاری یاسایی دەستەبەرکراو بۆ ڕۆژنامەنووسان، پێشتریش لە هەمان زانکۆ راگری سکوولی ڕۆژنامەگەری و پەیوەندییەکان بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠١٣. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگی بواری ڕۆژنامەگەری دەدات، وەك مێژوو و تیۆر و پراکتیزەکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و، پێناسەی یاسایی ڕۆژنامەنووسان. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە ئەرك و ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری و راگەیاندن لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا لەگەڵ ئەو تەنگژە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی دەبنەوە، ئەمانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار تەوەری ئەم دیمانەیە پێکدەهێنن.**

*** بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا چۆن لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری و راگەیاندن دەڕوانیت، پێتوایە توانیویەتی ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی بگێڕێت، یان کێشە و تەحەددیی راستەقینەی بۆ دروست بووە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە بتوانین یەك لێکدانەوە و شرۆڤەکاری بۆ هەموو شوێنێك بکەین، چونکە ئێمە لەم ڕووەوە جگە لەوەی راگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی جیاوازمان هەیە، ئەوا لە هەمان کاتدا هەلومەرجی جیاوازی کارکردنی ڕۆژنامەگەریشمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی پەیوەست بێت بە کاری ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکادا، ئەوا بۆ ئەداکردنی ڕۆڵی چاوەڕوانکراو و قورسایی و دژواریی زیاتر ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری بۆتەوە.

*** باشە پێتوایە چ گۆڕانکارییەك ڕوویداوە لە کاری ڕۆژنامەگەری و راگەیاندندا، بەتایبەتی لە دوای هاتنەئارای بەرەوپێشچوونێکی گەورەی تەکنەلۆژیا و دروستبوونی سۆشیال میدیا، وەك فەیسبووك و تویتەر؟**

- بە تێڕوانینی من ڕۆڵی راگەیاندن و ڕۆژنامەگەری هەروەك خۆی ماوەتەوە، کە بریتییە لە پێدانی راستییەکان بە هاووڵاتییان، بەڵام ڕەنگە گۆڕانکارییەکە لە چۆنێتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەگەریدا ڕووی دابێت، لەگەڵ بڕی ئەو زانیارییە زۆرەی کە لە ئارادایە و فلتەر نەکراون، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کارەکە ئاڵۆزتر بێت.

*** لە روی خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەگەری و راگەیاندن، پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژییەکانی بواری گەیاندن چ کاریگەری و دەرئەنجامێکیان هەبووە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لە ئێستادا هەرچییەك بڵاو بکەیتەوە، ئەوا لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیاری و هەواڵەکانیش بۆتە هۆی ئەوەی زەحمەتتر و دژوارتر بتوانیت زانیاریی ورد و راست و دروست بڵاو بکەیتەوە، لەبەر ئەوەی زانیارییەکی زۆر لە ئارادان و بە ڕەوتێکی زۆر خێراش بڵاو دەبنەوە.

**خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیاری و هەواڵەکانیش بۆتە هۆی ئەوەی زەحمەتتر و دژوارتر بتوانیت زانیاریی ورد و راست و دروست بڵاو بکەیتەوە**

*** کەواتە دژوارترین و سەختترینی ئەو تەحەددییانە چین کە ڕۆژنامەگەری بە دەستیانەوە گرفتارە و بوونەتە گرفت بۆ ئەوەی نەتوانن ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان ئەدا بکەن؟**

- تەحەددییەکە ئەوەیە بتوانن ڕومالی جیهانێك بکەن کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزیی زیاتر باڵی بەسەردا دەکێشێت، هەروەها لە ئێستادا زانیاریی زۆر بۆ خەڵکی لە سەرتاسەری جیهاندا دەستەبەر دەکرێت، واتە کاتێکی کەمیان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی ئیستیعابی ئەو هەموو زانیارییانە بکەن، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کە تەحەددییە

**لە ئێستادا کاری ڕۆژنامەگەری بەدەست ئەوەوە دەناڵێنێت کە ناتوانێت لە ڕووی ئابوورییەوە بەردەوامی بە خۆی بدات**

ئابوورییەکان و فشارە ئابوورییەکان بوونەتە تەحەددیەکی سەخت بۆ کاری رۆژنامەگەری. مەبەستم ئەوەیە لە ئێستادا کاری رۆژنامەگەری بەدەست ئەوەوە دەناڵێنێت کە ناتوانێت لە رووی ئابوورییەوە بەردەوامی بە خۆی بدات. هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە بۆتە تەحەددییەکی جددی و راستەقینە.

*** وەك کەسێکی شارەزای بواری ئیتیکی رۆژنامەگەری و راگەیاندن، ئایا راگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەوەی پێی دەڵێن سۆشیال میدیا توانیویانە بە ئیتیکە رۆژنامەوانییەکانەوە پابەند بن؟**

- لە راستیدا من پێموانییە فەیسبووك، یان ئامرازەکانی دیکەی سۆشیال میدیا بچنە چوارچێوەی کاری رۆژنامەگەرییەوە، لەم روانگەیەشەوە باوەڕم وایە ئەمە بەشێکی دیکەی ئاڵۆزییەکانی ئەو تەحەدییەیە کە لە ئێستادا رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری بۆتەوە.

*** بۆچی ئێوە پێتانوانییە سۆشیال میدیا دەچێتە چوارچێوەی کاری رۆژنامەگەرییەوە؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سۆشیال میدیا خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو بابەتانەی لەم رێیەوە بڵاو دەبنەوە، وەك ئەوەی رۆژنامەگەریی بەرپرس ئەنجامی دەدات، بە دەربڕین و گوزارشتێکی دیکە ئەوان بەدواداچوون ناکەن بۆ راست و دروستیی ئەو هەواڵ و بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە و بنج و بنەوانی زانیارییەکان ساغ ناکەنەوە، بەڵکو ئەرکی ئەوان لەوەدا کۆتایی دێت، کە ئامرازێك دەستەبەر دەکەن بۆ ئەو زانیارییانەی کە بڵاو دەکرێنەوە. هەر ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی لە سەرەتادا ئاماژەم بەوە کرد، کە من ئەوەی فەیسبووك، یان تویتەر دەیکات بە کاری رۆژنامەگەری دانانێم.

*** ئەگەر لە روانگەی ئەو تەحەددی و دژوارییانەوە بڕوانین کە رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری بوونەتەوە، ئایا دەتوانین بڵێین کە رۆژگاری رۆژنامەگەری تەقلیدی کۆتایی هاتووەو چیتر ناتوانێت رۆڵە تەقیلیدییەکەی خۆی ببینێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی بایەخە، من باوەڕم وانییە بە هیچ شێوەیەك رۆژنامەگەریی تەقلیدی رۆڵی بەسەرچووبێت، یان کۆتایی هاتبێت، بەڵکو ئەداکردنی ئەرکەکانی لە سەروەختی نادڵنیایی ئابووری و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی داهات و بوونی ژینگەیەکی جەنجاڵی قەرەباڵغی راگەیاندن، بۆتە هۆی ئەوەی رووبەڕووی چەندین تەحەددی ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەك باوەڕم بەوە نییە کە رۆڵی راگەیاندن و رۆژنامەگەری لە بواری چاودێریکردندا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتبێت.

*** لە ئێستادا یەکێك لەو کێشە و تەحەددییانەی دیکە کە رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەبێتەوە، ئەوەیە کە زۆر جاری هێرشی دەکرێتەسەر بەوەی کە هەواڵی ناڕاست و ساختە بڵاو دەکرێتەوە، بەتایبەتی ئێمە زۆر جار دەبینین کە لە ئەمریکا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەم شێوەیە وەسفی راگەیاندن دەکات، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من بڵاوبوونەوەی چەمکی هەواڵی ساختە و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و کەسانی دیکە، مایەی بەدبەختییەکی گەورەیە، کە پێموایە نەك تەنیا مایەی لاوازکردنی کاری رۆژنامەگەرییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مایەی شێواندن و تێکدانی ئەو گفتوگۆ نیشتمانییەشە کە لە وڵاتی ئێمەدا دەکرێت. چونکە ئێمە دەزانین کاتێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە دوژمنی خەڵکی وەسف دەکات، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی لاوازکردن و لەناوبردنی متمانە بە کۆمەڵگە دیموکراسییەکە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم وەسفکردنەی دۆناڵد ترەمپ بە تەواوەتی هەڵەیە و ناڕاستە. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە دەزانین کە پێشتر دەستەواژەی ئەوە بەکار دەهێنرا کە ئەمریکا هەڵگری مەشخەڵی گوزارشتکردن و ئازادیی رادەربڕینە، واتە ئەو خەڵکانەی لە سەرتاسەری جیهاندا لەم ئازادییە بێبەش بوون، بەم شێوەیە لە ئەمریکایان دەڕوانی، بەڵام ئەگەر ئێستا دۆخەکە پێچەوانە بووبێتەوە و هەوڵی ئەوە بدرێت کە ئازادیی رادەربڕین لە سەرتاسەری جیهاندا لاواز بکرێت، ئەوا ئەمە نەك هەر جێی داخە، بەڵکو بە رادەیەکی گەورە کاریگەری زیانبەخشی لێدەکەوێتەوە.

**سۆشیال میدیا خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو بابەتانەی لەم رێیەوە بڵاو دەبنەوە، وەک ئەوەی رۆژنامەگەریی بەرپرس ئەنجامی دەدات**

**باوەڕم وانییە کە رۆژنامەگەریی تەقلیدی رۆڵی بەسەرچووبێت، یان کۆتایی هاتبێت، بەڵکو ئەداکردنی ئەرکەکانی لە سەروەختی نادڵنیایی ئابووری و کەمبونەوەی سەرچاوەکانی داهات و بوونی ژینگەیەکی جەنجاڵ و قەرەباڵغی راگەیاندن، بۆتە هۆی ئەوەی رووبەڕووی چەندین تەحەددی ببێتەوە.**

**کاتێک سەرۆک دۆناڵد ترەمپ راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە دوژمنی خەڵک وەسف دەکات، ئەمە دەبێتەهۆی لاوازکردن و لەناوبردنی متمانە بە کۆمەڵگە دیموکراسییەکە**

# هەندێک لە کاریگەرییە خراپەکانی ریکلام لە سەر منداڵان

ریکلامە بازرگانییەکان وا لە منداڵ دەگەیەنن کە هەر چیان پیشان دەدرێت سوودی تەندروستیی ئەوانی تێدایە، وەك جۆرەکانی گەمەو ژەمەکانی خواردن، بەتایبەت کە زۆرجار پاڵەوانی ریکلامەکە کەسایەتییەکی خۆشەویست بێت لەلای منداڵان، بۆیە کە منداڵان نازانن ئامانج لەو ریکلامانە قازانجی ماددی و شۆپینگە، ناچاردەبن وەك راستییەك لە پەیامی ئەو ریکلامانە بڕوانن و بڕوای پێبکەن.

لە توێژینەوەیەکدا کە هەریەك لە توێژەران (ساعید ئەلحاریسی) و (سامی عەبدولعەزیز) ئەنجامیان داوە، گەیشتوونەتە ئەم خاڵانە:

١. ریکلامە بینراوەکان زیاتر باسی خواردەمەنی دەکەن، لە خواردەمەنیشدا ریکلام بۆ خواردنە تەواوکارەکان دەکەن، نەك بنەڕەتییەکان، بەمەش منداڵ لە خواردنە بنەڕەتییەکانی ماڵەوە دووردەکەوێتەوە، پەنا بۆ خواردنە تەواوکارەکان دەبات، ئەمەش کاردەکاتە سەر سەلامەتیی بینایی و جەستەی منداڵ.

٢. لەدوای خواردەمەنی بە پلەی دووەم ریکلامە بینراوەکان کار لەسەر کەرەستەکانی ماکیاژو خۆڕازاندنەوە دەکەن، ئەمەش نزیکەی چارەکێکی کۆی ریکلامەکانە.

٣. رێژەیەکی زۆر لەمنداڵان حەز بە کڕینی ئەو شتانە دەکەن کە لە ریکلامدا دەیانبینن.

٤. ژمارەیەکی زۆر لە منداڵەکان رقیان لە باوك و دایکیان دەبێت، ئەگەر ئەو شتانەیان بۆ نەکڕن کە لە ریکلامەکاندا پیشانیان دەدرێت.

ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە ریکلام لەسەر تێکدانی پەیوەندییەکانی نێو خێزان کاریگەریی خراپی هەیە، بە دروستکردنی جۆرێك لەململانێ لەنێوان بڕیارو رەفتاری باوکان، یان دایکان، یان هەردووکیان لەگەڵ منداڵەکانیان.

**● ئەنجامەکان:**

١. ریکلام بۆ منداڵان ئەو پردەیە کە جۆری کاڵاو رەفتار و گوفتاری ریکلامکار بە سەریدا بۆ لای منداڵان دەپەڕنەوە، کاریگەرییان لەسەر بەجێدەهێڵن.

٢. جێکەوتە نێگەتیڤەکانی ریکلام لە سەر منداڵان بە رێژەی (٨٠٪)یە، کە زۆر زیاترە لە جێکەوتە پۆزەتیڤەکانی کە بە رێژەی (٢٠٪)ە.

٣. یەکێك لە کارتێکردنەکانی ریکلام لەسەر بەهاو ئاراستە و رەفتارەکانی منداڵ ئەوەیە کە منداڵ بەرەو ئۆتیزم دەبات، کاتێك خۆی لە پاڵەوانی ریکلامەکەدا دەدۆزێتەوە و دواتر هەر ئەو دەناسێت لە خەیاڵی خۆیدا.

٤. ئاساییکردنەوەی کاراکتەرەکانی نێو ریکلامەکان رۆڵی زۆریان هەیە لە سەر کەسایەتیی منداڵان لە ئایندەدا.

**● لەبەر رۆشنایی باسەکانی ئەم بەشەدا ئەم راسپاردانە بەگرنگ دەزانرێت:**

١. هەوڵدان بۆ زیادکردنی کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی ریکلام لەسەر گوفتارو رەفتاری منداڵان.

٢. رێنماییکردنی منداڵان لەلایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە سەبارەت بەو زیادەڕەوییە و هەڵەو سەرپێچییە تەندروستی و یاساییانەی کە لە ریکلامەکاندا هەیە.

٣. پێکهێنانی لیژنەیەکی چاودێری لە پسپۆڕانی بواری پەروەردەو ئایین و زانستەکان و راگەیاندن بۆ



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەنووسێت

ڕیکلامەکان و پێداچوونەوە بە پەیامی ڕیکلامەکاندا و چاکتر کردنیان.

٤. بۆ ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی زیانبەخش بە کەسایەتیی منداڵان، پەیماننامەیەکی میدیایی نێودەوڵەتی لەبەر ڕۆشنایی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ دابڕێژرێت.

٥. هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی لایەنی ڕەوشت و زیندووڕاگرتنی ناخی منداڵ سەبارەت بە خۆگرتن و خۆپارێزیی لە ڕیکلامی زیانبەخش و بێ سوود.

٦. تەلەفزیۆنەکان بە ئاراستەی کەناڵە پابەندەکان بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی ڕیکلام ڕێکبخرێنەوە.

٧. دوورکەوتنەوەی منداڵان لە سەیرکردنی کەناڵەکە لە ماوەی ڕیکلام تا هاتنەوەی بەرنامەکەیان.

٨. پرسیارکردن لە منداڵ لەلایەن کەسێکی بەئەزموونی نێو خێزان لە بارەی ڕیکلامەکانەوە، وەك: کوێی ئەم بەرهەمە جێگەی بایەخی تۆیە؟ پێتوایە لە ڕاستیشدا وەك ڕیکلامەکە وا بێت؟ پێتوایە بۆ تەندروستیت باش بێت؟

٩. دوورخستنەوەی منداڵ لە بینینی ڕیکلام لە ڕێگەی پێدانی بەرنامەی تۆمارکراو کە خاڵییە لە ڕیکلام.

١٠. دیارکردنی کات بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت، نەك سەیرکردنی کراوە.

١١. جۆرەکانی دیکەی گەمەی منداڵان وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت ئامادە بکرێت.

١٢. دوورخستنەوەی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لە ژووری نووستنی منداڵان.

١٣. داخستنی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لە کاتی ئامادەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەو خوێندندا.

١٤. سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ئامێرەکانی دیکە ماف نەبێت، بەڵکو خەڵات بێت لەبەرامبەر پابەندبوون بە ئەنجامدانی ئەرکێکەوە.

١٥. هاندانی منداڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکیی دیکە وەك گەشت و وەرزش و خوێندنەوە و مۆسیقا و خولیاکانی دیکە.

١٦. لەپێناو دوورکەوتنەوە بە ئالوودەبوون بە خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم، باوکان ودایکان بۆ منداڵەکانیان پێشەنگ بن.

١٧. کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن و ڕاگرتنی ئینتەرنێت لەو کاتانەی کە خێزان بۆ چالاکیی دیکە تەرخانی دەکات.

١٨. شۆرت لیستکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان بەپێی پێویستیی ئەندامانی خێزان، نەك هێشتنەوەی سەدان کەناڵ و گەڕان بەنێویاندا.

١٩. هەوڵدان بۆ دانیشتن لەگەڵ منداڵدا لە کاتی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بەلای کەمەوە لە سەرەتای بەرنامەیەکیشدا بێت، بۆ ئاگاداربوون لە جۆری بەرنامەو فیلمەکان.

٢٠. دۆزینەوەو دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵان لە پشووە کورتەکان و پشووی هاوینەدا، بۆ دوورخستنەوەیان لە دانیشتنی بەردەوام لە بەردەم تەلەفزیۆن و ئامێرە ئەلکترۆنییەکاندا.

٢١. چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕێککەوتنامانەی بواری مافەکانی منداڵ لەلایەن پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و پەروەردە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانەوە لەپێناو پاراستنی منداڵان لە زیانەکانی ڕیکلام.